سەرکی جاشکان و بەشداریان لە تاوانی گەلکوژی ئەنفالدا ... شاخەوان شێش

لێرەدا سەرنج دەدینە واتای بوونی سەرکی جاشکان بە تاوانی گەلکوژی ئەنفال، چۆنیەتی تاوانباریان لە دادگادا، هەروەها لێکدانەوە و بیانووکان لە دیدی تایبەتی دژ بەیەکەوە.
واباشە لە دوو ڕوانگەوە سەرنج بدەینە ئەو بابەتە. یەکەم: لەدیدی بەرێی لایەنگرانی قوربانیانەوە، لە دیدێکی سەزدارانە و نەرماتیقەوە زەرجاران دەگوترێت و جەختدەکرێتەوە لەسەر ئەوەی کەوا ئێندامانی سەر بە نێتوەی کورد خیان بەشداریان لە تاوانی شاخاوکانی ئەنفالدا کردووە و خیان بوونەتە چاوساغی سوپای عەرەبی ئیراقی و پشی کەوتوون، وە بەشداری ڕاستەوخیان لە تاوانکاندا کردووە، بیە لە تاوانی کەمەکوژیکانی ئەنفالدا ئەوان لە هێزکانی ژەمی بەعسی عەرەبی تاوانبار ترن.

لە ڕوانگەیکی مەرالی نێتوەیی و نیشتیمانیەوە، ئەو کوردانەی بەشداریان لە ئەنجامدانی تاوانکەدا کردووە، ناپاکیان لە خەڵکی کوردستان کردووە بیە ئەوانە جگە لە تاوانباریان لە ئەنجامدانی تاوانکە، تاوانی ناپاکیشیان ئەنجامداوە. دیارە بوونی تاوانی ناپاکیە کە خەڵکی سەر بەنێتوەی قوربانی والێکدەکات، بەرامبەر بەو تاوانکارە ناوخیانە ڕقئەستورتربن و داوای سزای تووندتر بکەن. بەنمونە لە کاتی ڕاپرێندا خەڵک ڕقئەستورترە بەرامبەر بە کەسانێک کە ئێندامی کەمەگەی قوربانین بەڵام هاوکاری لایەنی دەسەڵاتی تاوانباریان کردووە. بەڵام ئایا خەڵک تاچەند لەوەدا داواکیان ڕەوا و گونجاوە؟ ئایا دەکرێ سزای ئەوانە تووندتر بێت؟ لە ڕوانگەی یاسایەوە پێویستە ئەو خاڵە لە دوو لایەن و ئاستەوە ڕوونبکرێتەوە و وەڵام بدرێتەوە، لە ئاستی دادگای نوخیی و لە ئاستی دادگای نەونەتەوەییدا. دادگای نوخیی کە لەلایەن نێتوەی قوربانیەوە دامەزرێندراوە و پیادەی دەستور و یاسای تایبەت بە وڵات دەکات، لەزەربەی بارکاندا سزای بە ئەو کردەوانە داناوە کە دەکرێ وەکو زیانگەیاندن بە ئاسایشی نێتوەیی یا سەروەری وڵات سەیربکرێن. دیارە هەر وڵاتە بەجۆری تایبەت بە خۆی و بەپێی بروا و ئایدۆلۆژیاکەی سەیری ناپاکی دەکات و پێناسەی دەکات، بیە جودایی زەر لەمبارەیەوە لە پێناسە و تێگەیشتنکاندا هەیە.

ئەگەر ئەم سێیری واتا باو و پەسندکراوەکەی ناپاکی بکەین، بەئەگەری زۆر هەموو وەاتەکان بەپێی یاسای نوسراوە یا نانوسراوە هاوکاری دوژمن لەلایەن ئەندامانی کۆمەڵگەوە بە ناپاکی نەتەوەیی و نیشتیمانی دادەنرێن. ئەگەر کەسێکی کۆمەڵگە ئاو سنورانە ببزێنێت و هاوکاری لایەنی دژ و نەیاربکات، ئاو کەسە وەکو ناپاک لە کۆمەڵگە و وەات سێیری دەکرێت بەرووروویی سزا دەبنەوە. بەیە ئاو کەسانەی کە لەسەر تاوانی ناپاکی بەرووروویی سزا ببنەوە، کە سزای تاوانکارێکانی دیکەش وەردەگرن، کەی سزاکەیان گەورەتر و تووندتر دەبێت. دیارە لە ئەگەری نەبوونی یا بزری دادگای ناوخۆدا لەو تاوانکارییانە ناپێچرێتەوە، بەڵام کۆمەڵگەی قوربانی بەپێی تێگەیشتن و مۆرالی کۆمەڵگە بەپێی یاسای نانوسراوەی کۆمەڵگە ئاو کەسانە وەکو تاوانبار لە ناپاکیدا سەیردەکات و دەکرێ لە ڕۆگەی کرداری تایبەتی نایاساییەوە هاوەڵی سزادانیان بدرێت، وەکو بەنمونە تیرۆرکردنیان.

لە ئاستی دادگای نەونەتەوەییدا، تاوانی ناپاکی لە وەاتی کۆمەڵگەی قوربانی لەپێجانەوەی لەناکریت و یاسایەک بە ئاو لایەنە تۆرخان نەکراوە. هەروەکو ناپاکی پەیوەندی راستەوخۆی بە وەاتە پەیوەستارەکە خۆیەوە هەیە، پەناسەی ئاو چەمکەش لە دیدی تایبەتی وەاتی پەیوەستارەییە و تایبەتە بەهەندە پشێلکاری کە تەنها بە ئاو وەاتە واتا و گرنگی یاساییان هەیە. بەیە لە دادگایەکی نەونەتەوەییدا کەسانی تەمەتبار تەنها لەسەر ئاو تاوانکاریانە سزا دەدرێن، کە لە هەرشکەدا ئەنجامیان داوە و دەچنەخانەی تاوانکانی جەنگ، دژ بە مرۆڤایەتی و گەلکوژی. بەمشێوەیە چەمکی ناپاکی بە دادگایەکی نەونەتەوەیی سەرووی وەات گرنگی یاسایی نییە. چونکە دادگای نەونەتەوەیی جیاوازی لە نێوان کەسە تەمەتبارەکاندا ناکات و تەنها سەرنج دەداتە تاوانکاریەکانیان کە ئەنجامیان داوە. بە نمونە ئەگەر سەرۆک جاشێک لەسەر تاوانی گەلکوژی بدرێتە دادگایەکی نەونەتەوەیی، ئاو سەرکجاشە لەسەر تەمەتی چەنیەتی هاوکاری و بشداری لە تاوانکە، وە بەهەزی و لاوازی بوونی بۆگەکان لێوبارییەوە دەکەتەوە. ئەگەر بشداریکەی سەمەندرا، ئاوا بەپێی جۆری تاوانکەی بەپێی یاسای دادگا سزای بە دەبێتەوە.

دادگای نەونەتەوەیی لەو ناکەتەوە کە ئایا ئاو سەرکجاشە ناپاکی لەنەتەوەکەی خۆی کردووە یانا. لەئەگەری بوونی یاسای ناپاکی ناوخۆی وەاتدا، وە بوونی سزا لەمبارییەوە، لێوبارەدا ئاو بابەتە کەشەی دادگای ناوخۆیی وەاتە نەوەک دادگای نەونەتەوەیی.

دادگای باڵای تاوانکانی ئێراقی بەهەمان شێوە لە ئاگاری بوونی تاوانکانی ناپاکی نەتەوە و دادگاکە پیادەی ئاو یاسا و پرەنسیپانە دەکات کە تایبەتن بە تاوانی جەنگ، دژ بە مرۆڤایەتی و گەلکوژی. چونکە دادگای باڵای تاوانکانی ئێراقی دادگایەکی ناسیونالی ناوخۆیی کوردستان نییە. ژمارەیەکی زۆر سەرۆک جاش ناویان لە دادگا هەبوو و دەبوایە بدرێنە دادگا لەسەر تۆمەتی بەشداریان لە تاوانی گەلکوژی ئەنفالدا، بەڵام دەسەڵاتی زۆرد و سۆزی کوردی یا دەسەڵاتدارانی ئێراقی پێنایاندان. ئاگەر ئاو سەرکجاشانە بدرابانە دادگا، دادگا لەسەر تاوانی بەشداریان لە تاوانی گەلکوژی ئەنفالدا دادگایی دەکردن. ئاگەر لە کوردستان دادگایەکی ناسیونالی کوردستان هەبووایە و بە تاوانکانی دژ بە مرۆڤایەتی و گەلکوژی تۆرخانکرابووایە، دەیتوانی لەئاگاری بوونی یاسا بە تاوانکانی ناپاکی لەسەر جۆر و قەوارەی تاوانکە دادگاییان بکات. وەکو گوتمان دادگای لاو جۆرە لە کوردستاندا بوونی نییە و یاسایەکیش لەمبارەیەوە بوونی نییە، هەروەکو تاکو ئێستا باشوری کوردستان خاوەنی دەستور نییە.

دووەم: لایەکیتر ئاو بەشداریەی بە دژیان فەوجی جاشی کورد لە تاوانی ئەنفالدا هەندە خاڵکی تووشی گومان کردووە لە بوونی تاوانی گەلکوژی. لە دوو روانگەی جیاوازەوە ئاو فاکتەرە دژ بە بوونی تاوانی گەلکوژی لەکدراونەتەوە و بەکارهێندراون. کەهەردوولایان بەرژەوەندی تایبەتیان لەپشتی ئاو گەتیاندا هەیە. لایەنی تاوانکار بەدید و لەکدانەوەیەک، لایەنی سەربە گەلی قوربانیش لە دید و لەکدانەوەیەکی دیکەوە. لایەنی تاوانکار واتە لایەنگرانی ژێمی بەعس و بەرگریکارانی ئاوان وەکو بانگە دژ بە بوونی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و گەلکوژی بەکاریان هێناون و دەهێنێت. هەرچی لایەنی سەربەگەلی قوربانیە کە دەسەڵاتی کوردی زۆرد و سۆز لەگەل دەستانی سەرکجاشکان دەگرێتەوە، کە پێنای سەرکجاشکانیان داوە و دژی دادگاییکردنیانن، جەخت لەسەر ئاوە دەکەنەوە کە ئاوان لەسەرەک جاشکان خۆشبووین و لەبوردنیان بۆیان دەرکردووە، بۆیە دژی هەموو جۆرە دادگاییەکی ئاو سەرەک جاشانەن.

سەرکردایەتی ئاو دوو پارتە لەبوردنکەی ١٩٩١ دووپات دەکەنەوە و جەختی لەسەر دەکەنەوە. لایەکیتر لەرە و لاوە ئاوەش گوتراوە کە دادگاییکردنی سەرکجاشکان زیان بە کورد دەگەیەنێت و وادەکات گومان بخاتەسەر بوونی تاوانی گەلکوژی. واتە دەسەلاتی زۆرد و سۆز بە پاراستنی سەرەک جاشکان و هێزکانیان لە ریزی پارتی

دەستاتدارەو لەبوردنکەو ئەو بیانووی زیانگەیاندن بە دەسیی بوونی تاونی گەلکوژی بەکاردەهنن. گرنگە بیریبخینەو کەهرچی لایەنی تاوانکارە بەشداری جاشکان لە تاوانی ئەنفالدا بە خەدربازکردن لە تاوانباریان لە تاوانی گەلکوژیدا بەکاردەهنن. ئەوانە بەشداری جاشکان دژ بە ناساندنی تاوانکە وەکو تاوانی گەلکوژی بەکاردەهنن. وەکو بەلگەیک دژ بە بەگکانی بوونی تاوانی گەلکوژی بەکاریدەهنن. لایەنگرانی رژمی بەعس و بەرگریکارانی لایەنی تاوانکار ئەو بابەتە دەقزنەو و دەن ئەوی رووبداو لە ئەنجامی شکی وادا دژ بەو گروپ و رکخراوە چکدارانە بووە کە دژی وەات بوون، دەستاتی ئەراق دژی گەلی کورد نەبووە. بوونی بەهزاران چکداری کورد کە بەهزکانی بەرگری نیشتیمانی دەناسران لە ریزکانی سوپادا وەکو بگەی نیازپاکی دەسەلات و نەبوونی ق و مبەستی لەناوبردنی گەلی قوربانی پیشان دەدەن. لەو روانگەیەو لایەنگرانی دەستاتی بەعسی ئەراقی هەوی پیشاندانی سوپایکی نیشتیمانی عەربی و کوردی ئەراقی دەدەن، کە لەباری بەرگریدابووە دژی سوپای ئەران و بکرگیراوانیان، بەیە شکی وای بەرگریان کردووە. مبەستیش لەناوبردنی گەلی کورد نەبووە، هەروکو کورد مافی ئەتنەمی هەبووە و لە سوپادا بەشداری چالاکانیان هەبووە.

گومان لەوەدا نییە کەوا بەهزاران جاشی کورد و بەدیان سەرکجاشی کورد بەشداریان لە شاوکانی ئەنفالدا راستەوخە یا ناراستەوخە کردووە. ئەوانە یەکم: هزکی تایبەتی سەر بە ژمی بەعس بوون و بەشک بوون لە هزچکدارکانی ئەراق و لژر سەرپرشتی دەستاتی بەرگری و ئاسایشی حکومەتی ئەراقدابوون. فەوجی جاشە کوردکان سەربخە توانا و دەستاتی نە بەیار و نە چاکیان هەبووە. ئەوان بەهیچ جرەک لە ئاستکدا نەبوون بتوانن کاریگریان لەسەر بەیارکانی سەرکایەتی ئەراقدا هەبت. بەیە ئەوان جگلە هزکی ملکچی چکداری ئەراقی کە چاوەی فەرمانیان کردووە، چیتر نەبووین. ئەوان بەرگز کورد بوون، بەام سەر بە ژمی بەعس بوون و ئەویان کردووە کە لەبرژوەندی ژمی بەعسی ئەراقیدا بووە. کاری سەرکی هزی جاشکان شە و لەدانی هزکانی پشمرگە بوو. هزی جاشکان دژی هزی شەشگەر کوردکان بکاردەهندران. بەیە فەوجی جاشکان لای کملگەی کوردی هزکی نەخوازراو بوون و خک حزی بە چارەیان نەدکرد، خک وکو هزکی بکرگیراوی حکومەتی ئەراق سەیریان دکردن. بەمجرە هزی جاشکان لەبرای دژ بە خکدا بوون و لسنگری ژمی ئیراقیدا بوون، کە خکی کوردستان

وەکو دەستاتیکی بێگانەی ناوا سەیریان دەکرد.

بەیاری قەکردن و لەناوبردنی دانیشتوانی ناوچە قەدەغەکراوەکان بە هەڕەشەوە، لەلایەن سەرکی ئێراق سەدام حوسێنەوە درابوو، سەرکی بیرەی باکوری پارتی بەعس عەلی حەسەن مەجید (عەلی کیمیاوی) جێبەجێیکرد. ئەوەش واتای یەکلاکەرەوەی بە بوونی مەبەستی لەناوبردن لەلایەن دەستاتی ئێراقیەوە هەیە. بوونی هێزی چەکداری کورد کە لژێر فەرمانی راستەوخۆی دەستاتی ئاسایش و سوپای عەرەبی ئێراقیدا بووە و کە لە سەنگەری سوپای تاوانکاردا بوونی هەبووە، هیچ کاریگەریەکی لەسەر ئەو فاکتەردا نییە و ناتوانێ ئەو راستیە بگۆڕێت.
بەپێی بەڵگەکان لەگەڵ ئەوەی سەرکی جاشکان و چەکدارەکانی فەوجە سوکەکان سەر بە ژێرەمی ئێراق بوون و فەرمانەکانی ژێرەمی ئێراقیان ملکەچانە جێبەجێ دەکرد، بەڵام ژێرەمی بەعس لێیان بەگومان بووە و ئەوانەی تەنها بە جێبەجێکردنی بەیارەکانی بەکارهێناوە. سەرانی ژێرەمی بەعس بەوایان بە سەرکی جاش و جاشکان نەبووە، وە بە شایستەی ئەوەی نزانیون کە لە کەمەلگەی عەرەبیدا بتویندرێنەوە و زیانیان بە پارێزراوی بمێنێتەوە. هەکەشی ئەوەبووە کە جاشکان کورد بوون. بەنمونە عەلی حەسەن مەجید (عەلی کیمیاوی) لە کەبوونەوەیەکدا دەڵێ، دەتانەوەی کەمەلگەی عەرەبی بەوانە پێبکەنەوە و دەوەستێندی بکەن؟! ئێزدیەکان (ئێزدیەکان بە عەرەب ناونوسکرابوون و ژمارەیەکی زۆریان لە فەوجە سوکەکان بوون) !؟ بیانەرنە سەروو و لەوە دیاندزمەوە و بە شەف و بلدۆزەر سەریان پان دەکەمەوە. وەکو پێشتر بینیمان سەرانی بارزانیەکانی سەر بە ژێرەم لەگەڵ ئەوەی دەستزیان بە ژێرەم پیشاندابوو، بەڵام کە بەیاری لەناوبردنی بارزانیەکان دەرچوو، ئەوانیش لەناوبردران.

شاخەوان شێش
١٣/٤/٢٠١٧

تەوەری دەنگکان سەبارەت بە کاری هەوەزی ... لاوژە جەواد

کورتەیەك بە ناساندنی هەوەزی :

هەوەزی دیاردە و بوونکی مژوویی و جیهانیی هەیە، هەرچەندە زەر جار ڕەنگ و دەنگی سەردەمی سەرهەدانکەی خەی گرتووە؛ هەندك جار وەك خەکەمەکیی ئایینی گروپە ئایینی و ڕۆشنبیرکان دەرکەوتووە و هەندك جار وەك خەکەمەکیی خڕۆکی و گوندکان دەرکەوتووە و هەندك جاریش وەك خەبەسی کەمڕۆ هاوچەرخکان لە سەردەمی جەنگکان و قاتوقەیی وشکە سالکان دەرکەوتووە، بەڵام لەنەو هەموو سەردەمکان هەوەزی و بیرکە و ئاوەزی ژیانی هەوەزیی بەجەرەك بوونی هەبووە .

لەنەو ئەم ڕۆژگارەش لە هەرەمی کوردستان خەریکە لەنەو دەروونی قەیرانە ئابووریی و کولتووریی و مۆراڵیی و ئامیاریی و جەنگیی-سەربازییکان بەجەرەك هەروەزییکان و بیرکەی هەوەزی کەمایەتیی وەك ئۆتۆرناتیڤك خەی دەردەخاتەو. سایتی دەنگکان وەك بەندگەی دەنگ ڕۆشنبیر و ڕەخنەگر و ناڕازی و بەهەوەستکان بە ڕۆشنایی خستنە سەر مژووی بزووتنەو و بیرکە هەوەزییکان لە هەرەمی کوردستان و ناوچەکە ئەم تەوەرییەی بە گفتگۆ و لەدوان لەو بارەو کردووتەو، بە هیوای سەرهەدان و دروسبوون و دروستکردنی دیالەگ و لەدوانیی جەماوەریی و کەمایەتیی لەبارەی هەوەزی و بزووتنەوەی هەوەزی وەك ئۆتۆرناتیف.

لەردا بە زنجیرە وەڵامی نووسەران و چالاکوانانی بواری هەوەزی بەاو دەکەینەو. 9

بەڕێز: لاوژە جەواد

– سەرەتا ئاگەر بکرەت کورتەیەك لەبارەی ڕابووردووی چالاکی خەت و ئاراستەی بیرکردنەوەت بە خوێنەران بگەیتەو؟

من لاوژە جەواد لەدایکبوی ساڵی 1974 م لە شاری کەیە، سەرەتای

دەستبەکاربونم لە کاری سیاسی دژ بە ڕژێمی بەعس لە ساڵی 1991 سەرەتا لە ڕیزەکانی حیزبی شوعی عیراقی ئۆکات و کۆمەڵەی ئافرەتان. وەک پێشمەرگەیەکی بەناوکراوی ڕۆژگای کوردستان کارم دەکرد.
لە ساڵی 1992 ەوە لە ڕۆژگای چەند هاوڕێیەکم بەناوکراوو نامیلکەی ڕەخنەگرانەی کۆمۆنیستیەکان بۆتایبەتی ڕووتی کۆمۆنیستم پێدەگەیشت، کە زۆر جۆگەی سەرنجبوون بۆمن، بۆتایبەتی لەو سەردەمدا ئەوان زۆر تەئکیدیان لەسەر یەکسانی نێوان ژن و پیاو دەکردەوو وە بۆتایبەتیش بۆرامبەر تیرۆر ڕەشکوژی ژنان وەستابونەوە، لەو ساتەشدا هاوڕێیەکی منداڵیم بووە قوربانی دەستی ڕەشی تیرۆری ناموسی کە زۆر کاریگەری لەسەرم داناو تەنها شتێک کە توانیم دەستی بە بەرم و ئەوەبوو کە خەباتبکەم بە عەڵمانی بە یەکسانی وەستانەوە بۆرامبەر تۆندوتیژی و تیرۆری ژنان. ئەوەبوو هەڵسەرەتای دامەزراندنی ڕەخنەگراوی سەربەخۆی ئافرەتان من پەیوەندیم پێوەکردن و دواتریش بووم بە ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری.
لە ساڵی 1996 بە کۆتایی 1999 یەکێک بووم لە ئەندامانی هەڵزی پارێزگاری لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و وە ماوەیەکی زۆریش فەرماندەی عەسکەری بووم.
بەدوای هەڵوەشێنەوەی یەکێتی لە 14/7ی 2000 نەمانتوانی لە کوردستان بمێنمەوو ئەستا لەگەڵ هاوسەرو دوو منداڵەکم لە وڵاتی دانیمارک دەژیین.
خەباتی سیاسیم بەردەوامو تا نۆڤەمبەری 2016 ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بوم و وەک کادیرێکی ئاگەیاندن لە سێ ساڵی ئابردودا لە ئادیۆی پێشەنگ کارمکرد. لە ئیستادا وەک کەسێکی سیاسی کۆمۆنیست خەریکی کارو چالاکیم و لە بواری ئاگەیاندندا بەپێی کاتم هەوڵدەدم بەرنامە بە سایتی هاوپشتی ئامادە بکەم.

– "بزووتنەوەی هەڵوەزی" ئەم دەستەواژەیە بە تە چی دەگەیەنێت ؟

وشەی هەڵوەزی پانتایەکی زۆر گەورە و بەرینی هەیە لە مێژوی مرۆڤدا، هەڵوەزی لەگەڵ ووشەی تر پەیوەندکراوە و چەندین مانای جیاوازی لەکەوتوتەوە لەوانە ژیانی هەڵوەزی، کاری هەوەزی.
لە کۆمەڵگا سەرتایەکان مرۆڤ گروپ و تایفەی داخراو بووە و هەر گروپە بە خەیاڵی چینەتی پەیوەندیکانی خەیاڵی دیاری کردووە، هەر لەم ٢٠٠ ساڵەی ئابردوش وەک هەڕهاتن لە چەوساندنەوەی نیزامی سەرمایەداری دژیان نمونەی جیاواز هەبووە کە کۆمەڵێک خەڵک بەیاریان داوە پێکەوە ئیش بکەن و پێکەوە ژیان بکەبخەن، زۆر جار شارێک وە یان جەزیرەیەک بە هەزاران خەڵک پێکەوە ژیاون، ئەمانە

نمونەی ژیانی هەژاوەزین.

کاری هەژاوەزی

کاری هەژاوەزی دیاردەیەکی ئاشنا و ناسراوە لە لای سەرجەم کۆمەڵگاکان، بە تایبەتی لە لادێیەکان بە کاری هەژاوەزی ناسراوە و بان، حەوزی ئاو و کانی، خوێندنگا و پردیان دروست کردووە بە بەرژەوەندی گشتی و زۆر جاریش یارمەتی هاوماڵ و هاووڵاتیان داوە لە دروستکردنی خانو و ئاپۆاندنی ئەرکی لادێ، هەر لە کوردەواری خەمان عادەت بووە ئەگەر خزانێک بە هەی نەخۆشی یان مردن لەقەومابێت، خەڵک کۆبونەتەوە، بە کاری هەژاوەزی، بە ئەژنک ئەرکی وەرزەکیان بە ئاپۆاندوە.

کاری هەژاوەزی بە بە بەرانبەر بە هاریکاری خەڵکی تر، بە چارەسەری کێشەی خەڵکی تر، بە دڵخۆشکردن و گەیشتن بە ئاسودەیی خەڵکی تر جۆهەری ئەو ئینسانیەتیە کە لە نیزامی سەرمایەداریدا بە پێچەوانەوە بە خەپڕاستی جێگای پە کراوەتەوە.

کاری هەژاوەزی لە پێناو هەڵومەرجێکی باشتر و ئاسودەتر بە ئینسانەکان، هەوڵێکە بە بەهرەمند کردنی خەڵک، لەو پێداویستانەی کە خەی دەستی کورتە لە دابینکردنیان. بەڵای من ئەمە لوتکەی ئینسان سەنتەری و تەپکەی ئەوشتی ئینسانیە.

لەناو ئەم بەڵبەیتەی سیستەمی سەرمایەداری کە هەموو هەوڵێک بە کۆمەکە کردنی سەرمایە خراوەتگەڕ و بێجگە لەوەی کە عەقڵ و زیرەکی مرۆڤیان بکرێ گرتوە، سەدان جار جیاوازی مەزهەبی و میللی و ئاگەزییشیان داتاشیوە بە تەفرەق و ناکۆککردنی ئینسانەکان، دەیان شەڕی خوێناویان بەڕی خستوە بە گەیشتن بە بەرژەوەندی مادی، کاتێک کەمەڵێک خەڵک بە هەژاوەزی و هاوبەشی و هاوکاری کات و سەرمایە و وزە خەیان بکاردەهێنن لە پێناو ئاسودەیی مرۆڤ و ئاوەدانی، بە من شێی سروەی سوسیالیزمە.

– بە بەچوونی تە هەژاوەزییەکان ئامرازی ئیفەرمکردن یان ئەنتەرناتیڤن؟

هەژاوەزیکان ئامرازێکن بە تەبایی و یەکگرتن و پێکەوە ژیان وە هەروەها دورکەوتنەوە لە تاکەوی و خەپڕاستی، هەژاوەزیکان ئیرادە و هێزی جەماوەری بەرجەستە و باوە بە خەبوون بەرز دەکاتەوە. هەژاوەزی تاک لە بیدەسەڵاتی و گۆشەگیری و نائومێدی رزگار دەکات، وە هەروەها دەرفەتێکە بە نمایش کردنی هێزی جەماوەر، من پێموایە کاری هەژاوەزی پێوەندی و هاوچارەنوسیەک دروست دەکات

و ئینسانەکان لەیەکتر نزیک دەکاتەوە، لە کۆتایيدا دەتوانێت قورسایەکی باش دروست بکات بۆ ریفۆرم یان ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی. بەڵام لە ڕاستیدا کاری هەڵاوێزی نە ڕیفۆرمە و نە شۆڕش بەڵکو جۆرێکە لە چاکسازی و ئاوەدانکاری و وەڵامی خێرا بۆ زەرورەتێکی واقعی.

– بۆ پشتبەستن بە کامە بنەما و ئەزموون هەڵاوێزییەکان دەخرێنە خانەی ئامانجی بزووتنەوەی ڕیفۆرمیستی یان خزمەتکردن بۆ مانەوەی سیستەمە چینایەتییەکە ؟

لە مێژوی کۆمەڵگای بەشەریدا چەندین ئەزمونی کاری هەڵاوێزی یان بڕیەکەو ژیانی بۆ کۆمەڵی کۆمەڵگا سەرتایيەکان هەبووە، هەر لە ٢٠٠ساڵی ڕابوردوش دەیان جۆر دروست بوون و هەندێکیان ئێستاش ئاسەواریان ماوە، ئەگەر سەیری ئەم ئەزمونانە بکەین هەندێکیان ئاینی و لە کۆنیسکانەوە بناوی یارمەتیدانی یەکتری و هەژاران بووە یان لە هەندێک شوێن سۆسیالیستەکان دەستیان بۆ کارو شێوە ژیانی لەمجۆرە بردوە، ئەم جۆرە ژیان و کۆمەڵگایانە نەیانتوانیوە ببنە ئەزمونی سەرکەوتو بۆ ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی، هەرگیز نەیانتوانیوە کەسپە سەرکێکان هەموارکەن و کۆمەڵایەتی ببنەوە، تەنها لە ماوەیەکی کاتی و لە جوگرافیایەکی تایبەتدا بە ڕادەیەک ژیانی ئینسانەکانی باشتر کردووە، بەڵام لە نیهایەتدا مەحکوم بە فەشەل کراون.

– کەسانێک پێیان وایە ئەم کارە هەڵاوێزیانەی کە لە ناوچەی خانەقین دەستی بۆ براوە، لە بنچەدا کاری دەسەاتو دەبەت فشار بۆ دەسەات ببڕێت لە جیاتی کاری هەڵاوێزی. ئەی ئەوە ئەم چۆن دەبینن؟
ئەگەر کەمێک ورد بینەوە لەوانیە ئەوە ڕاستبێت ئەم ئەرکی دەسەاتە دەبەت خوەندنگاو خزمەتگوزاریە گشتیەکان دابینبکات، بەڵام نەک تەنها لە کوردستان ئەگەر ئەم سیەری بەڕێوەبردنی بەرنامەی ئابوری ئەمەی سەرمایەداری بکەین لە جیهاندا، خەریکن وردە وردە ئەرک و کاری دەوڵەت لاواز دەکرێت و دەسەات دەدرێتە دەستی کەمپانیاکان و دەسکەوتە گشتیەکانیش کە بەکارو خەباتی چینی کرێکار هاتۆتە دی لەدەستدەنەوەو دەکرێن بە کەمپانیای تایبەت. بۆجیا لەوەی کە ئەم دەسەاتەی لە کوردستان هەیە دەسەاتێکی میلیشیایەو ئەوەی بەی گرنگە هەشتنەوە دەسەاتی خەیتی. لەلایەکی تریش کوردستانیان کردۆتە بەشێک لە بازاری بەڕێاو هەسار پچراوی سەرمایەداری جیهانی و خەریکن بەرنامەی ئابوری لیبەالیزمی نوێ و

سندوقی دراوی نەودەوەتی جەبەجەدەکەن، نەوەک نایانەویت خزمەتگوزاریە گشتیەکان پڕ پیبدەن و بەرفراوانی بکەن بەک و ئاوەی هەشە دەیدەنە دەستی کەرتی تایبەت و هەرزان فرۆشی دەکەن. لەم نەوەدا منداڵی خەڵکی هەژارو نەدار لە خوێندن بەبەری دەبن، هەربۆیە من پەموایە ئەم کارەی خانەقین لەخزمەتی منداڵان و خەڵکی نەدارە.
سیاسەتی ئابووری بەرجوازی ئەمەڕ پەویستی بە بەرەنگاری هەیە، پیویستی بە نواندن و نیشاندانی ئیرادەو توانایمان هەیە، من ئەم کارە هەرەوەزیەی لە خانەقین دەستی بە دەبردەت بە ئامرازێکی بەرەنگاری دەزانم نەوەک خزمەتی دەسەڵات.

– چەن دەتوانین هەرەوەزیەکان بە ئەتەرناتیڤ ببیمین، ئەو گرانە پڕزەتیڤانە چین کە هەرەوەزیەکان وەک هەتکارەوەی کردەویی سیستەمە چینایەتییەکە نیشاندەدەن، چ کاراییەکیان لەسەر خراکردن و بەهەزکردنی هەوتی گەڵانی کەمەڵایەتی و کولتووریی و هەشنبیریی گشتی دەبەت ؟

بەرجوازی لە ئەمەی جیهاندا بەناوی پەست مەدەرنەتەوە لیبەالیزم، هەوەی بە ئەوە داوە کە ئینسانەکان پڕرشو بەاوبکات و تاک پیڕز بکات، هەموو شتەک لەپەناو تاک، دیارە شەخسیەت و کەرامەتی تاک زەر گرنگە هەر تاکیش دەتوانەت کەمەڵ پیکبهێنەت بەەام ئەوان ویستویانە ئینسانەکان خەپەرست هەموو شتەک لەپەناو تاکەوی بە بەرژەوەندی سەرمایە پەروەردەبکەن و دەرئەنجام کەمەڵگایەکی خەپەرست بەباربهێنن.
لە ەاستیدا من پەموایە ئەو هەراوهوریایەی کە بەناوی لیبەالیزم و ئازادی تاک و جێگاو ەێگای تاک لاف لێدەدەن تەنها دریەکی گەورەیە، چونکە لەم نیزامەدا کەەکەی سەرمایە سەرەکی ترین و مەقەدەس ترین شتە، تاک ئەگەر پاەەوان و سەرەکی بانکی نەودەوەتیش بەت، تەنها لە وەرزەکدا سەرکەوتو نەبەت لە قۆکردنەوەی کەلەنی چینایەتی و پارەکان چەند قات زیاد نەکەن، ئەوە بە بەبەزیانەترین شێوە ەایدەکشنەخوارەوە، زەرجار بەسەی ئەخلاقی بە ئەو کەسانە دادەنێن و بە ناشیرینترین شێوە دەیانشکێنن.
دەسەەاتیش لە لە کوردستان 26 ساەە زەر زیاتر کاری لەسەر ئەم سیاسەتە کردوەو هەوەی لاوازکردنی ئیرادەی خەەک و پڕرشو بەاوکردنیان و پارچە پارچەکردنی خەڵکی کریکارو زەحمەتکەشی داوە. هەوەیانداوە مەیلی هاوکاری و بەیەکەوە بوون لەنێوان ئینسانەکان

کەمبکەنەوە. جارێک کەمەڵگایان بار هەناوە کە ئەم وڵاتە هی ئەوان نییە، هەرکەس ماڵەکەی خۆی پاکدەکاتەوە خۆ و خاشاکەکەی دەخاتە بەردەرگا، یاخود دەچنە سەیرانگاکان و پاشماوەکەیان لەشوێنی خۆی جێدەهێڵن.
کاتێک ئینسانێکان دەست بە کاری هەرەوەزی دەبن و هەمویان بەیەکەوە بە هاوبەشی دەتوانن دەست بەکارێک ببەن و هیچیان لا موستەحیل نەبێت، بەدنیایەوە هەست بە خۆشحاڵبون و بەیەکەوەبوون دەکەن هەست بە توانایی دەکەن، هەست بەوە دەکەن کە ئەم وڵاتە وڵاتی ئەوانە، دەبێت ئاوەدانیکەنەوەو خۆشی بکەن نەوەک وێران، ئەم هەستە پەزتیفە وایان لێدەکات کە دەست بە هەڵکەراوبوون ببەن، دەتوانن بە چارسەر هەر کێشەیەک کەببنەوەو هاوفکری بکەن، دەتوانن خۆیان هێڵکەراوبکەن و ببن بە هێزێک کە چاو ببڕنە ئەو جێگایەی کە بەیار دەردەکات و بە مافی خۆیانی بزانن بۆشداربن لە بەیاردان لەسەر گەڕەکەکەیان شارەکەیان تا دەگاتە وڵاتەکەیان.
ئەگەر ئاسۆیەکی ئادیکاڵ و ڕۆشن بەسەر ئابڕانی هەرەوەزیەکان زاڵبێت دەکرێت هێگایەکی سەرەتایی بێت بۆ شۆش و گرتنە دەستی دەسەڵات بۆ شۆیەکی دروست و هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی.

- چ ئاسۆ و ئامانجێك لە سەرهەڵدانی بزووتنەوەی هەرەوەزی لە هەرێمی کوردستان و خەرهەڵاتی ناوین دەبینیت ؟

دیارە لەرەو لەوە زەرجار گومان لیبووە کە بەهەرەوەزی کەمەیک ئینسان هەستاون بە ئەنجامدانی کارێک، بەنمونە ئاکۆشانی ئاو لە بناری قەندیل بە چەند زۆیەکی کشتوکاڵی، یاخود پاکردنەوەی شارو کۆمانکان لەلایەن خەڵک بەهەرەوەزی.... بەڵام دیار ئەمانە تەنها بۆ ئامانجێکی تایبەت و دیاریکراو بوون.
سەبارەت بە خەڕهەڵاتی ناوەڕاست دیارە باس لە کاری هەرەوەزی لە کوردستانی سوریا لەرەو لەوە تا ئادیێک دەکرێت، بەڵام من بەوردی ئاگادارنیم و بەداخەوە دەسەڵاتدارانی کانتۆنکانیش زیاتر هەویاندارەوە شتی تر بەرجەستە بکەنەوە تا ئەم کارە هەرەوەزیانەو وەک نمونەیەکی جوان نیشانی جیهانی بدەن. لەوانیە ئەمەش پەیوەندی بە بارودۆخی سیاسی و شەرکانی ناوچەکە هەبێت.

- لە ڕووی مەژوویەوە، ئایا بزووتنەوەی هەرەوەزی لە ناوچەی لەدایکبوون و ژیانی خۆت هەبووە یان بۆخۆت تاکو ئێستا لەنەو هەرەوەزیەك ژیاوی ؟

وەک یادەوەری منداڵیم، لە ئەزموونی دروستکردنی پردێک لەلایەن باوکمەوە بۆ کاری هونەرەوەزی.
لە ساڵی 1979 یادی بەرزو بەرزبۆت مامۆستا جەواد حەمەد بەگی باوکم لە دێیەکی باکوری کێیە بەناوی کڵەخوارە مامۆستا بوو، ئەم بڕیارە ئەوبارەک لەنەوانیان هەبوو بڕدی گەورە گەورە بە پڕاندنەوەی منداڵەکان هەبوو، لەکاتی باران و لافاو تووشی کێشە دەبوون، باوکم خەڵکی هەردوو بەری کەکردەوە کە پێیوەندیشیان ساردو سور بوو، وە داوای لێکردن بۆ پاراستنی منداڵەکانیان با خێیان دەست ببەن بۆ دروستکردنی پردێک، ئەوەبوو پردەکە بە هونەرەوەزی دروستکراو کۆشکان چارسەر بون و پێیوەندی کۆمەڵایەتیش گەرموگوڕتربوو.
من هەمیشە ئەم ئەزمونە بە نمونەیەکی پێشنگداری کاری هونەرەوەزی دەگەمەوە.
– ئایا هونەرەوەزیەکان تەنیا ئاوەڕکردنی کۆمەکی کۆمەڵایەتین، یان واوەتر لەوە دەتوانن ببنە ئەکتەرناتیقی بەرهەمهێنان و بەکاربردنی باوی بەرجوازییانەی ئێستا؟
وەکو کاری هونەرەوەزی ئامانج تەنها یارمەتی و ئاوەدانکردنەوەیە، بەڵام لە پڕاوەزی مێژو دا چەندین جار هەوەدراوە بە ژیانی هونەرەوەزی بەڵام نەیانتوانیوە بە تواوەتی ببن بە ئەکترناتیف و لە کۆتایدا ناچار بە شکست کراون. هونەرەوەزیەکان لە زەر جێگای دنیا هەر ئێستا لە بواری بەرهەمهینانیشدا بوونی هەیە.
شکڵ و وڵانانی دەسکەڵاتی بەرژوازی پێشمەرجی هەر گەڵانکاریەکی بنەڕەتیە، هونەرەوەزیەکان لە باشترین دەخدا دەتوانن ئامرازێک بن بە هاوفکری و یەکبوون. پیستریش ئاماژەم پێ دا کە هونەرەوەزیەکان بەو پییە چ سیاسەتێک بەسەر هەڵسوڕاوانیدا زاڵ دەتوانێت ئامرا ز و ڕیگای بەدیهێنانی ئامانج و ئەلتەرناتیفی جیاواز بێت.

– چ پێشنیار و وانەیەك، ئەزموونێکت هەیە کە بیخەیتە سەر ئەزموونی تاکو ئێستای ئەو هونەرەوەزیانەی کە لە هەرەمی کوردستان هەن؟

هیوادارم کە هەموان بەیەکەوە بتوانین باشتر و زیاتر بیربکەینەوە کە چۆن ئەم کارە هونەرەوەزیانەی خانەقین گۆشە پێبدەین تەنها لەیەک ناوچەو شوێندا قەتیس نەبێت. لەڕگای کەبونەوەو کۆنفرانس ئابگەینەوە کە چۆن بتوانین هەنگاوی داهاتومان دەستبردن بە دەخاڵەت لە سیستەم و شێوەی پەروەردە بێت، خوێندن و پەروەردەیەکی ئینسانی بسەپینین، لەبری ئەوێ بینایەکی خوێندن دروستبکەین، واتا پیشانی حکومەت و خەڵکی بدەین کە ئەمە ڕەکخراوی خێرخوازی نین کە

خوێندنگا دروست بکین، بۆک و ئامانجی ئەم بەشداریبون لە بڕوبردنی کەمڵگاو بنیاتنانی کەمڵگایەکی تەندروستە.
دەمەوێت لێرەوە فرسەت بهێنم و سوپاس و پیزانینی تایبەتی هاوڕێ سەلام عەبدوڵاو هاوکارانی بکەم کە بەعەمەلی کار بۆ گۆڕانەوەی ئیرادە بۆ خۆشک و پیگەیاندنی نەوکانی داهاتو دەکەن. من بەتایبەتی زۆر خۆشحالم بۆ پێژەی کتێبخانەی منداڵان هیوادارم کە لەم ڕێگایەوە بتوانین خوێندنەوە زانست بکەینە عەقلیەتی ئەم منداڵانو جارێکی تر خوێندنەوە بکەینە کەلتوری کەمڵگا، سااڵنە بەتەن کتێب بۆاودەبتەو ڕەبەق ئەویە کەس بیر لەوە بکاتەوە چۆن خوێنەریان بۆ پەیدا بکەین؟ دەکرێت ئەم ڕێگایەک بێت، وە هیوادارم کارو پێژەی سەرکی کتێبخانەکانی منداڵان پەروەردەی دروست و لەسەر بنەمای ئازادی و یەکسانی نیوان ئینسانەکان بیت.
خاڵکی تر دەمەوێت لێرە پیشنیاری بکەم و بیخەمە بەردەم هەموو ئۆوکەسانەی بەگەرمو گوڕی پشوازی لە کاری هەرەوزی دەکەن لە کوردستان، بەهەند وەرگرتنی خراپی بارودۆخی ژنان و خستنە ناو پێژەکانی داهاتومانەن. هەمومان دەزانین کە دۆخی ژنان لەوپەڕی خراپیدایە لە کوردستان، ئەمە بیر لەوە بکەینەوە کە چۆن چەند پێژەیەکی بەرهەمهێنان لەڕێگای هەرەوزیکانەوە بخەینە دەستوری کارمانەوەو هەتا لەم ڕێگایەوە هەم ژنان هەشیاربکرێنەوەو بە مافی خۆیان ئاشنا بکرێن هەم بتوانین بەجۆرێک بەتایبەت ئەوانەی کە ژنی ماڵن ببنە خاوەن ئابوری سەربەخۆی خۆیان.
– دوا پرسیاری ئەم جارە، چ پەیام و ڕێنوێنییەکت بۆ چالاکانی هەرەوزیەکان هەیە ؟

وەرای هیوای سەرکەوتنم بۆیان، دەمەوێت ئەوە بڵێم کە دەبێت زۆر وریابین و کەمتر هەرەوزیکان لە کەسانی کەنەپەرست و دەستی دەسەڵات بپارێزین و ڕێگانەدەین دزبکەنە ناو کەمپەکانمان و بڵاوبکەنەوە.

ئیسلامیەکان چی دەکەن؟ … عەزیز

ەئووف

لەاستیدا کێشەی ئەمە لە ئێستادا کێشەی دین نیە، وەك چۆن کێشەی بە ئیسلامیزەکردنەوەی کەمەگەی کوردی نیە بەوەی لە هیچ کاتێکدا بارتەقای ئێستا ئایین ئامادەگی نەبووە، مزگەوتەکانمان لە ژمارەی مزگەوتەکانی چوار وڵاتی عەرەبی زیاترە، جگە لە شاشەکان و بارەگای حزبەکان. بەڵام بۆ ئیسلامیەکان هەمیشە قسە لەسەر ئەوە دەکەن کە کەمەگەی کوردی زۆر لە بەها ئاینی و کەمەایەتیەکانی دوورانداووە؟ ڕاستی وڵامەکە ئەوەیە بەدیدی ئەم برادەرانە ئایین بەو شێوەیە نیە کە خۆیان دەیانەوێت.
کێشەی ئەمە ئەوە نیە کە دەسەاتێکی عەلمانی لەئارادایە کە یەکێتی و پارتین (کە عەلمانی نین) بەکو کێشەی ئەمە موقەدەسی کورسی و دەسەات و ستەمکاریە، کە هیچ ئاسۆیەك لەئارادا نیە بەوەی ئەوەی دەستنوێژی هەگرت لەم فۆرمە لە دەسەات باشتر و عادلتر بێت، بەو پوودانگەی کە ئیسلامیەکانیش نەیانتوانی شەق لە پیرۆزیەکانی کوردسی هەبدەن و ئەوانیش مەکتەب سیاسیەکانیان پێە لە برای موسوماني پیر و پەککەوتە و کوانی ڕابەرانی پێشوو بەرپرسن و ئەمیرەکانیان بەدیلی نیە و ئەگەر ئەمینداریش بگۆان ئەوا دەورەیەکی تر دەیهێننەوە چونکە پێویستیان بە باوکێکی موقەددەسە.

منیش لەگەڵ هاوڕام دکتۆر عادل باخەواندا ئەو پرسیارە دەکەم کە ئەگەر زۆرینەی کورد موسومانە ئەی ئەوەی حزبی ئیسلامی بۆ لە 17% زیاتر بەدەست ناهێنن؟ ئەگەر دەڵێن پارتی و یەکێتی ستەمکارە و دەنگ دەکەت و تەزویر دەکات، ئەی خۆ گۆان زۆر دوای ئەوە هاتە سەر شانۆی سیاسی چۆن توانی 25%ی دەنگەکان ببات؟ ئیشکالەکە لەوەدایە ئەوە نەتانتوانیوە لە موسومانی کورد بگەن، یان لەووی سیاسیەوە لانی کەم وەك گۆان ڕادیکاڵ نەبوون.
من نازانم ئەوە یەك دەگرن چی دەکەن؟ بەڵام ئەوە دەزانم ئەگەر بە شێوەی ڕابردوو سیاسەت و دینداری بکەن، ئەوە نە سیاسەتە و نە دینداری. لەووی سیاسیەوە ئام ئام لەگەڵ یەکێتی و پارتیدا دەڵێن و لەووی کەمەایەتیشەوە بوونەتە پاسەوانی زۆر دیاردەی ناشرینی کەمەایەتی لەمەڵ بەرتەسککردنەوەی ئازادی لە کوردستان.

ئەوە هەندەسەیەکی کەمەایەتیدان داشتووە بۆ دەسکاریکردنی تاکی کورد، بەڵام لەچوارچێوەی حزبەکانتان تێنەپەڕیوە. ئەوە ئێستاش ئەو ڕاحە کوردبوونەتان نەناسیوە کە تا ئێستاش ڕاحیەتێکی سۆکولار و ژیاندۆستی لە تاکی کوردیدا ئامادەیە کە یەکێتی و پارتی

نەیانتوانیوە بیکوژن، بەڵام لە ئەدەبیاتی ئۆوەدا ئەم ڕەحمە ژیاندۆستیە ئەگەری کوشتنی لەئارادایە، بەڵام خۆشبەختانە زۆرینەی خەڵکی کوردستان گوێ لە حیکایەت و خوتبەی پیاوانی ئاینی ئۆوە ناگرێت لەمەڕ بەخشینەوەی حەرام و حەڵاڵەکانتان بۆ هەر جۆرەیەکی کەمەڵایەتی و ژیاندۆستی.
هەرکات هەموومان ئیسلامیەکانمان بە هۆزی خۆمان زانی، هەرکات هەموومان لە ئیسلامیەکاندا بەبێ حیجاب و دەستنوێژ جۆمان بۆوە، هەرکات ئیسلامیەکان هەستیان بەوە کرد کێشەی هەرەمی کوردستان کێشەی بەئیسلامیزەکردنەوەی کەمەگەی کوردی نیە، بەکو کێشەی هاوڵاتیبوونی هەیە، هەرکات ئیسلامیەکان هەوێیان بۆ چەمکی هاوڵاتیبوون بوو نەك بۆ موسوڵمانبوون، ئەوا دەکرێت قسە لەسەر گۆڕانی ڕادیکاڵ لە دیدی ئەم هۆزانەدا بکەین بۆ ئەوەی لانی کەم ئەم دۆخە تێپەڕنین و ئاسۆیەکی تر لەبەردەم تاکی ئازاد لەکەمەگەی کوردیدا بکەینەوە.

پاشخانی ڕۆشنکانی هەرێم ... کامەران چروستانی

زۆرینەی ئۆوانەی سەردانی کوردستان دەکەن و بۆتایبەتی لە ناوەست و بوشووری عێراقەوە، سەریان لێ ئاسایش و دڵنیایی ژیانی تاکی ناو هەرێم دەسوڕمێت، نەك تەنها لێ بواری ژیانی ڕۆژانەی هاووڵاتی و هەبوونی متمانە لێنوان خەڵکەکەدا، بەڵکوو ئۆو ئاسایشەی کە دامودەزگا فەرمیەکانیش دەستبەریان کردووە.

وەلێ ئۆوەی لێ پاشخانی ژیانی تاکدا ڕووداوات زۆر جیاوازە لەگەڵ ئۆوەی بە ڕووکەش دەبینرێت.
ئۆوەی لە ناو شاری هەولێردا بەرامبەر بە د. فەرهاد پیربال کرا تەنها مشتمکێ لە خەرمانێکی ئۆو ڕووداوە نادیار و ئاڵۆز و تەمومژاویانەی، کە لە سەرجەم شارەکانی کوردستان ڕوویان داوە بە درێژایی مێژووی ٢٦ ساڵی پاش ئازادبوونمان. ئەگەر زۆرێش نەگەڕێینەوە بۆ مێژوویەکی دوور، ئۆوا لە ماوەی ئەم پێنج ساڵی ڕابردوودا چەندین کێسایەتی بەناوبانگ و دیاری ناوچەکە بۆ شۆوێك

لەناوبراون، کوژراون، ئازار دراون یاخود توندوتیژییان بە هەموو شێوازەکانەوە بەرامبەر کراوە. ئەم کەسایەتییانەش تیایانە نووسەر، ڕۆژنامەنووس، قایمقام، ئەفسەر، مامۆستای ئاینیی بگرە هەتا دەگاتە پاسەوانی کەسایەتیی سیاسیی و دەسەڵاتدارەکانی هەرێم.

ئەوەی شایەنی سەرنجدانە بریتین لە:
– هەرە زۆرینەی ئەم کەسایەتییانە پێگەیەکی پتەوی خۆیان هەیە لە بوارێکی ناو کۆمەڵگادا: سیاسی، ڕۆشنبیری، بڕیاوکردنەوە و ڕۆژنامەوانی، نزیکی لە لوتکەکانی دەسەڵات. لەناو لیستی ئەو قوربانییانەدا هاووڵاتییەکی سادە نابینیەوە کە مرۆڤ گومانی بە کۆشێکی دارایی، کۆمەڵایەتی یان کینەیەکی تاکەکەسی بێوات. هاوکات مرۆڤ ناشتوانێت کێبووڵەی هەموو ئەم جارە کەسایەتییە بەهەزانە لەناو سنووڕکی ڕێکەوتدا قەتیس بکات، چونکە هەروەک دەڵێن هەر کاتێک ڕێکەوت دووجار زیاتر دووبارە بووەوە، ئەوا لە ڕێکەوت دەردەچێت و دەبێت بە ڕووداو جا ئاگڕ ڕووداوەکە پلاندانراو بێت یان نا.

– لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی هەرە زۆری ئەم کێسانە بە دوا خاڵی کۆتایی نەگەیشتوون و بە شێوەیەک لە شێوەکان شاردراوەتەوە، کۆتایی پێ هێنراوە، ون کراوە، خەفەخان کراوە و . . . هتد. کە ئەمەش لە خۆیدا نیشانەیەکی پرسیاری دێکە دروست دەکات، نەک تەنها لەسەر هەڵکار و هاندەری ڕووداوەکە، بەڵکوو لە توانا و پسپۆڕیی لایەنە پەیوەندیدارەکان لە بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لە کێسەکە و دەرخستنی ڕاستی و گرتنی تاوانبارەکان. بە شێوەیەک دەتوانین بپرسین: ئایا دامودەزگا فەرمییەکان تایبەت بە لێکۆڵینەوەی ئەو بابەتانە هەندە لاوازن کە هەموو ئەم کێسانە بەبێ کۆتا بەڵێنەوە و نەتوانن کەسانی تاوانبار دەستگیر بکەن یان نەتوانن ئەنجامەکی ڕاست و ڕەوان بە خودی قوربانی (ئاگڕ لە ژیاندا مابێت) ڕای گشتی و خەزانی قوربانییەکان دابین بکەن؟ یاخود لەبەر بەرژەوەندی هەندێک لایەن لەوانەیە وەها باشتر بێت کە ئەو بابەتە هەر بە کراوەیی و بەبێ ئەنجام بهێڵرێتەوە؟ ئاگڕ نا، بۆچی هەتا ئێستا لەپرسینەوە و بەدواداچوون نەکراوە سەبارەت بە هەی دەرنەخستنی ڕاستیی ئەو کێسانە یاخود بەدواداچون بە توانا و پسپۆڕیی دامودەزگا میرییەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ؟
ئەوەی جێگەی پرسیارە ئەوەیە، ئایا ئەوەی بەرامبەر بە دکتۆر فەرهاد پیربال کراوە، ئاگڕ بەرامبەر بە کەسێکی دیکەی ئاسایی

بکرایە، چی ڕووی دەدا؟ ئایا حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان دەهاتنە دەنگ؟ ئایا کە داکۆکی لە هاووڵاتییەکی سادە بکات بەرامبەر بە کەسێکی چەکدار کە هەمیشە دەتوانێت وەک (خاوەن یاسایەک) لەناو شەقامی کوردی خۆی نمایش بکات؟ ئەی ئۆژانە چەند جار سوکایەتی بە (فەرهاد پیربال)ەکانی دیکە ناو کۆمەڵگا دەکرێت و کەسیش ناتوانێت قسەی لەوە بکات؟
پرسیارێکیان لە پسپۆرێکی گروپە مافیاکان کرد لەبارەی جیاوازی نێوان مافیای ئیتالی و مافیای ئۆژەهەڵاتی ئەورووپا. ئەویش لە وەڵامدا وتی: مافیای ئیتالیا لەناو شەقامەوە سەری هەڵدا و چووە ناو دەسەڵات و حوکمەوە، بەڵام مافیای وەاتەکانی ئۆژەهەڵاتی ئەورووپا لەناو حوکم و دەسەڵاتەوە دروست بوو، پاشان ڕایە ناو شەقامەکانەوە.

هەموو ئەو ڕووداوانەی ناو شەقامی کوردی هەرەمی کوردستان ڕووبەڕووی دوو ئەگەر دەکاتەوە: یەکەمیان مافیایەکی بەهێز لەناو هەرەمدا بوونی هەیە، کە لەبەر بەرژەوەندی خۆی بەو شێوەیە پاکتاوی ئەو کەسایەتییانە دەکات، بەڵام مافیا زیاتر بەدوای بەرژەوەندی دارایی و ئابووری و دەسەڵاتکانی خۆیدا دەڕوات نەک بەدوای ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسی، هۆشنبیری، ئایدیۆلۆجی، کلتوری و ئاینی هەروەک لە مردنی چەندین ئۆژنامەنووس و ئۆفسەر و کەسانی ئاینی ڕووی داوە. دووەمیان: ئەگەری ئەوەیە کە ئەم ڕووداوانە لەژێر سەبەری دەزگایەکی فەرمیدا ڕوو بدەن و هەر ئەمانەش دەمانخاتە ناو ئەگەرێکی دیکە سەبارەت بە پاساو لە ڕووننکردنەوە و کۆتاینەهێنان بە ئەنجامی ئەو کێشانە لەناو دامودەزگا فەرمییەکانی حکومەت سەر بە وەزارەتی ناوخۆ.
مەژووی مرۆڤایەتی لەم تەوەردا یەک خاڵی سەلماندووە: لەوانەیە دەسەڵاتێک هەوڵ بدات کە گەشنیگای کۆمەڵگایەک بەرەو ئاراستەیەکی تایبەت بەرێت بە ئەوەی بەپێی خواستی دەسەڵات لە شتەکان بڕوانن، هەر بەو خواستەش شتەکان ببینن، لەوانەشە هەتا ماوەیەک لەژێر فشاری دەمە بەستراوەکاندا سەرکەوتوو بێت، لەوانەیە و لەوانەیە، بەڵام هەرچەندەکیش چاوەکان لاواز بن، وەلێ ئەوە ڕەگەز نابێت بە ئەوەی ببینن و بە شێوەیەکی ڕاستەقینە لە شتەکان بڕوانن.

حاجی تۆفیقی پیرەمێرد و مەسعوود محەمەد ... عەبدولڵەحمان فەرهادی

کاتی خۆی لە نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوو، شاعیر و ڕۆناکبیری گەورەی کورد حاجی تۆفیقی پیرەمێرد ڕۆژنامەنووسێکی گەورە و گرنگی لە بزاوکردنەوەی هەستی نەتەوەیی و کوردایەتی و ئەدەب و ڕۆشنبیریی لە کوردستاندا بینی، پیرەمێرد نەك هەر ڕۆشنبیر و شاعیرێکی گەورەی سەردەمی خۆی بوو، بەڵکوو لە سەدەی بیستدا یەکەمین ڕۆژنامەنووسی کورد بووە دوای میقدادی بەدرخان کە بە کارە گەورەکانی بواری ڕۆژنامەنووسیی کوردی، خەبات و تێکۆشانێکی زۆری بۆ بزاوکردنەوەی خوێندەواری و هۆشیاری و ڕۆشنبیریی، بۆ ساڵانێکی زۆر پێشکەش کرد، جگە لەوە لە بواڕەکانی وەرگێڕانی ئەدەبی و فۆلکلۆر و پەندی پێشینان و مێژووش گەلێك کاری مەزنی کردووە و بەمەش بووەتە ناوێکی گەورە و گرانی نێو دونیای ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردیمان کە تا دونیا دونیایە ناوی بە نەمری دەمێنێتەوە. ساڵانی دوای مەرگی پیرەمێردی نەمر زۆر لە نووسەری کوردپەرست و شارچی و سۆزدار بۆ هەستی پاکی کوردایەتی و سۆزی هاووڵاتیبوون، ناوی پیرەمێردی نەمریان بە فەیلەسووف لە بەرهەم و کتێب و نووسینەکانیاندا نۆزەد کرد، کە هەموومان دەزانین پیرەمێردی نەمر هیچ پێوەندییەکی پتەوی بە بواڕە قووڵەکانی فەلسەفە نەبووە، تەنانەت کتێبێکی فەلسەفییشی نەبووە، بریا وابووایو بریا ئەمەش ئەرستێیەك، شۆپنهاوەرێك، هیگڵێك، دیکارتێك، کانتێك، بیکۆنێك، مارکسێك، ئەنگڵسێکمان دەبوو. ئێستاش لەم ساڵانەی دوایی کە دەکاتە نیوەی یەکەمی سەدەی پاشتر، زۆر لە نووسەر و ڕووناکبیرانمان، ناوی مامۆستای نەمر مەسعوود محەمەد بە فەیلەسووف دەنێن.

لەم ڕۆژانەی دوایی، زانکۆی کۆیە بە هەستێکی کۆیانەوە یادی ئەم کەڵە نووسەرەی کوردیان وەك فەیلەسووف کردەوە. وەڵای دەستخۆشی بۆ ئەم زانکۆیە، بەڵام پێویستە ئەوە بزانرێ کە مەسعوود محەمەد ڕۆناکبیر و ئەدیب و زمانزانێکی یەکجار گەورە بوو، لە بواڕەکانی تۆژینەوەی ئەدەبی کلاسیك و ناساندنی نالی و حاجی قادر و کەیفی و هیی تر و لێتۆژینەوە لە زمانی کوردی و زاراوەسازی و ڕۆزمانی کوردی و سیاسەت و شیکردنەوە زانستییەکانی بواری زمان و ئەدەبی کوردی و زۆر بواری مەعریفیی تر خزمەتێکی زۆری کردووە و ئەویش وەك

پیرەمێرد تا دونیا ماوە خۆی و شاکارەکانی هەر بە نەمری دەمێننەوە. بەڵام کاتی ئەوە هاتووە کە بڵێین مەسعوود محەمەدی نەمر فەیلەسووف نەبووە. هەقوا نییە ئێمە بە سڵزی نەتەوەیی و ناوچەگەری و شارچێتی کار بکەین، بەتایبەت کاری زانستی، چجای زانکۆیەك بیکات، چ هەوای هەقە وا لە مەنتیق و ڕاستی و ئەکادیمیەت دوور بین و لە سڵز و هەستبزوێنیی نائەکادیمی نزیك؟ ئێوەش خوێنەرانی ئازیز هەقی خۆتانە قسەیەکی لەبارەوە بکەن. کۆ دەڵی من ناهەق نەدواوم؟

——— **عەبدوڵڵەحمان فەرهادی** ———-

نامەکانی ئیشق … سەردار جاف

بۆ بانی هەناسەی سروشتێ لە بەهار جوانتر باران

نازانم لە کوێی جوانی چەپکێ گوڵە نەرگزکەوە بانی چریکەکانی ئەوین بە سەر باڵی پەروانەیەك بەر لە سووتانی بۆ کەناری سەمای ئەو گوڵە وەریوە بنێرم کە سەراپا شاڵیەکانی بە غوباری زەردی جەستە مردووەکانی گەڵا تەنراون، لەوێوە دڵکی هەمیشە هۆگر و ئولفەت بە جوانی ڕوخسارت هەڵزناو، لە مەرکانەیەکی سەرشانی ێ زنەی نیشتیمانی کۆبوە دەچێ، تا بە ئاقاری ڕووبارەکانی پەڕە هەورا وەك شڵەبییەك بە کراسی دێتا هەڵواسراوە لە باخچە جوان و پێ نەنییەکانی دەم نەبێ لە هیچ شتێکی دی ناچێ.

تێیش لە سەرە ڵی شەقامتا پێ بە دەما بنێ با لەو کێزە بجی کە ئەمجارە لە کانی بە ساغی نایەتەوە، ئەو دەمانە لاشەی ئەوین پێکەوە لە دارێکی تابووتی دەنێین و بە سەر شانمانەوە غڵاری دوا ئارامگای دەکەین وەك خەمان دەیکەینەوە بە خۆ.
تێ لە کوێوە بووشی زەنگی ئەو هەستەت پەی پێ برد و قامکە هەمیشە پێ هەنگوینییەکەی دەشاومژەت پێوە لکان و تا نووزەی دوا دابڕانی نەزانی پەنجەت هەنەبڕی و خێت بە دەستی مەیلەکانمەوە نەدا و کڵت نەدا، ئەو دەمانەی دەرگای ئەوینی دەم کرایەوە، ئیتر حەزرەتی ئیشق جاویدانی خۆی دەنووسییەوە، تێیش نەخوێنەوار و نابینایەکی دەروازەکەی ڕابووونی ئەو کەستەی بووی و بەرکمی دەگرت و

داخورپەکانی بە قەد باڵای دارخورمایا هەڵدەگژا تا نزاکانی بە خوا بگەیەنێ.

بەزەییەکان ئولفەتیان لە گەڵ دابڕان گرتووە، ئەو دابڕانەی ڕۆی لە بژن و بەرامەی ماچەکانی بەرایی بەر دەرگای باڵات دەگرێ و مەست مەستی چاوەکانت بووە، دەیزانی خانمی سەروبەستی کوردەواری وا بە سانایی نابیتە قوربەند و بازوبەندێکی ترازاو دەبێ، فوو لەو چراتڕەە دەکا کە ڕۆحی بەر تەدارەکی ساتە شیرینییەکانی دەبێ، تاڵان بە مانم کە هێشتا زمانی ئەوین گۆگای نەکردووەو بە وەیشوومەی غەدری دەزانی، بە ئافاتی خیانەتێ وەك گوارەیەك قوڵفگیری هەلتەکێنێ و ئیدی جوانی ئەتك بکا، ڕەحم بە سەر باڵی پەروانەیەکدا لە دەم روناهی و گەرمی و پێ گەەکەی چرای ئیشق بسوتێم و ئەو دیو ڕەژوو بگرم، لە خوا بپرسە ژانەکانم چەن بە سوێن.

بشێ بە هەق ئەو بارانە بیت لوتفەکانت لە زیندانی مکووڕ بوونتا یاخی بێت و بە سەر جەستەی گۆاویما ببارێ و نەمگەیەنیتە سوتوو بوون، با ببمە هەتوانی پێپڵەیەك بۆ قەتماغەی زامەکانت نەبا ئازارت پێ بگا دەسا تووخوا لێمگەڕێ با بسووتێم، بیرم بکەو سا بفڕە و لە ئامێزی ئاوەاما بنوو، بنوو با ئەوین جێمان بێ ڕاخا و ئیشقیش باوەشێنمان بکا.

ئیدی لە نێو نزاکانما بنوو خوا دەتپارێزێ

سەردار جاف
لیمبێرگ : 14 / 4 / 2017

بەپەشێوێ ژمارێ 2

بەپەشێوێ بزاوکراوێکی سیاسی سۆشیالیستییە.. بۆ خوێندنەوەی ژمارێ 2 کلیکی ئێرە بکەن .. Bopeshawa2

سەربەخۆی لە نێوان واقیعەت و خەوندا ... شاخەوان سەنگاوی

لە دۆر زەمانەوە تەماشا هەر کونجێکی ئەم جیهانە بکەین کە مرۆڤی تێدا ژیابێت و بژی ، کاتێك حزب تێدا دروست بووبێ ، بەو ئامانجە بووە کە هەکارێك بێت بێ ئەوەی کێشە هەواکانی ئەو ناوچەیە رێکبخات وە چوارچێوەیەکی رێکخراوەیی پێببەخشێت و رزگاری بکات لە خرسکی ، فرە جەمسەری . سەرئەنجامی ئەم جۆرە لە خزمەتگوزاری حزب بێ کەمەلگاکەی هەکارێك بووە بێ دەستەبەرکردنی ئامانجە سیاسیەکانی خۆی و نەتەوەکەی .

بەڵام بە داخەوە لە کوردستاندا بە رۆژگاری ئەمرۆشمانەوە هەندەی حزبکان کاریان کردووە بەو ئامانجەی کە ئامانجە نەتەوایەتیەکان بخاتە خزمەت ئامانجە حزبیەکانی خۆی ، بە نیو هەندە بە پێچەوانەوە کاری لە پێناو سەرپێخستنی ئامانجە نەتەوایەتیەکان نەکردووە بەتایبەتی سەربەخۆی کوردستان . هەر ئەمیش هەکارێك بووە بێ ئەوەی حزبگەرایەتی لە لای تاکی کورد بە چەشنە پیرۆزیەك پیرۆز کراوە کە شەن و کەو کردنی دەرئەنجامی کارەکانیان و رەخنە گرتن لێی کفرێکی ئیلاهیە و لێخۆشبونی دەچێتە خانەی مەحاڵ بوونەوە ، کە ئەمەش خاڵێکی سەرەتایە بێ حزبی کوردی کە پێش نەیەرانی کورد بە چەند هەنگاوێك پێشبرکێ بکەن لە پێناو داماڵینی تاکی کوردی لە ئەرك و مافەکانی بەرامبەر بە خاك و نەتەوەکەی ، ئەمیش بە ئامانجی پەیوەستکردنێتی بە چوارچێوەیەکی تەسکی حزبگەرایەتی هاهنان پێکردنیان لە سەر پیرۆزاندنی حزب و سەرکردە پەرستی .
پێش هەموو تاکێك و گروپێك ، شەرمەزاریە بێ حزب و سەرکردایەتی حزبی کوردی لە سەدەی بیست و یەکدا کار لە سەر بنیاتنانی ئەم جۆرە لە پەتایی حزبگەرایەتی بدەن نەك خزمەتگەرایەتی لە کەمەلگای کوردیدا چونکە ترسناکی ئەم جۆرە پەتایە کاتێك بدەر دەکەوێت کە دەبێتە هۆی لێکهەوەشاندنی هێزی گەورەی گەڵ و پەرتەوازەکردنی بەهرەو تواناکان و بەگژدا دانی ئاراستی جیاوازەکانی فکر لە کەمەلگادا . ئەمە لە جیاتی یەکخستن و کۆکردنەوەی سەرجەم ئایدیاو تواناکان و ئاراستەکردنیان بە ئاڕاستەی سەنگەری هاستەقینەی دووژمنانی نەتەوەیمان . هەر بۆیە پێویستە لە سەر سەرکردایەتی

سیاسی حزبی کوردی تێبگەن لە کوشندەی ئەم پەتایی حزبگەرایەتیە لە کۆمەڵگادا ، وە چی دیکە ڕێگە بەخۆیان نەدەن کە ئامانجە نەتەوایەتیەکان بکرێتە قوربانی لەپێناو مانەوە یان دەسکەوتە شەخسیەکان .

چونکە سەربەخۆی خەونی لە مێژینەی هەموو تاکێکی کوردە کە لە ژێر یەك ئالادا و لە چوارچێوەی سنوریکدا کە کوردستان بە سەربەستی بژێت . باشتر وایە لە سەر سەرکردایەتی سیاسی پارتی و یەکتیی ئەگەر سیاستکردنتان بەو ئامانجەیە کە ئەم نەتەوەیە بگەیەنن بە کەنارەکانی ئارامی و بەردەبازکیش بن بۆ بەدیهێنانی ئاوات لە مێژینەکەی ، ئەوا پێویستە تێبگەن لەوەی کە ریفراندەم یان سەربەخۆی کوردستانی باشور تەنها بۆ لایەنگران و ئەندامانی هەردووپارت نیە ! بەڵکو بۆ سەرجەم دانیشتوانی ئەم هەرێمە بە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمەیشە بە سەرجەم پێکهاتەکانیەوە ، کەواتە بە دیوەکەی تردا هەر کەس و لایەنێك (پارتی یان یەکێتی) کە بیەوێت سەربەخۆی کوردستان بەدەنگی زولالی ئەو ئابگەیەنرێت ، دەبێت سازش کردن بۆ تاکەکانی نێو ئەم چوار چێوە جوگرافیایەی لەلا شورەیی نەبیت بە بۆ ئەوەی خوێندنەوە یان لایەنگری بۆ هیچ ئاین و نەتەوە و پارت بکەن تا بگەنە ئەو دەروازە قەناعەت پێهێنەرەی کە سەرجەم پێهاتەکان و پارتەکانی باشور لە بنیاتنان و سەرپێخستی ئەم جۆرە هەوڵانە بەشداربن ، بە ئامانجی دابەشکردنی ماف و ئەرك و بەرپرسیارێتیە چاوەڕوانکراوەکان کە لە دەرئەنجامی وەها هەوڵێکەوە کە دێتە گۆمان . بۆیە ریفراندەم و سەربەخۆی کوردستان پێویستی بە کەسایەتی و حزبی سڵپەرمان نیە ! بەڵکو پێویستی بە بەرنامە و ئەقلیەتێکی سڵپەرمانی هەیە تا دەرگای واقیعەت لە سەر سەربەخۆی کوردستان واڵا بکات .

شاخەوان سەنگاوی
shaxewan.saed@gmail.com

(ئەلیفەر تویست)* وەرگێرانی هەمان نامەک بەزمانی دەک! ... هەمەت عوسمان

هەمان ناسنامەی هەر کەمەگایەکە، گەر بیەوێت خۆی بە کەمەگایەکی دیکە بناسێنێت. هەرچەند مێژووی سەرهەڵدانی هێند کۆن نییە، بەڵام توانیوێتی ببێتە یەکێک لە جەرگە زیندووەکانی ئەدەب. لەئێستادا نووسینی هەمان، زیاتر لە هەر چەشنەکی دی بەرەوی زیاترە، وەرگێرانیشی شان بەشانی نووسینی دەڕوات. نووسینی ئەم چەشنەی ئەدەب کارێکی هەستیارە، چونکە ماموستایەک مێژوودا دەکرێت، واتا هەمان نووسینەوەی مێژووە بە چەشنێکی دی، جیا لەوەی مێژوونووسان ئیشی لەسەر دەکەن، بەڵێ نووسینی هەمان چەند هەستیارە، وەرگێرانی زیاتر! چونکە گەیاندنی پەیامی نووسەرە بە ئامانجەوە. ئەمەش کاتێک دەبێت، زمانی دووەم هێندە و بگرە زیاتر لە زمانی خۆت شارەزاتربیت، لەبەرئەوەی زەرجار نووسەر پەیامێکی خۆی لە چوارچێوەی پەند و ئیدیەم باوەکانی زمانێکی دەردەبڕێت، کاتێکیش وەرگێڕ شارەزایی لەم ئیدیەمانە نەبێت، ئەوکات لە وەرگێڕانەکە دەچەقێت و خوێنەریش توشی جەرگێک لە سەرلێشێوان دەکات! بەڵێ لە وەرگێڕاندا زمانی دووەم و هێنووسی زمانی دایک لەکاتی وەرگێڕان و گەیاندنی بە خوێنەر، دەبێتە مەرجی سەرکەوتنی وەرگێڕ... واتا هێنووس دەتوانێ دوو ئیشی لەک جیا بکات، هەم دەتوانێ دەقێ وەرگێڕدراوەکە بکات بە لەکە و هەمیش دەتوانێ بیکات بە دەک و وشەکانی بچەقێت بە چاوی خوێنەر!

خوێنەر چەند مایەی بەزییە، کاتێ ناونیشانی کتێبێ دەبینێ و بە هەڵداوان هەوڵی بەردەستخستنی دەدات، بەڵام کاتێ هەڵدانەوەی چەند لاپەڕەیەک، لەبەر پەرپووتی هێنووسەکەی و جەری وەرگێڕانەکەی دڵی سارد دەبێتەوە! هەمان ئەم بارەی باسم کرد، بەسەر من داهات.

ئەوەی من دەمەوێ زیاتر بدوێم، لایەنی زمانی وەرگێڕان و خاڵبەندی دەقەکەیە.

لە ئەنجامی نەبوونی دەزگایەکی وەرگێڕان، هەمیشە کاری بە سەروبەری دروست دەبێت لەم بوارە، کاتێ دەزگایەکی لەم جۆرە نەبوو، ئەوسا ئەرکەکە دەکەوێتە سەر هەوڵی تاکەکەسی، زەرجاریش ئەم هەوڵە تاکەکەسیانە، نەک هەر بە باشە ناشکێنەوە بە پەکردنی خەرمانی کتێبخانەی کوردی، بەڵکو نا ئاگایانە، کتێبخانە دەبێتە زبڵخانە!

بەیە ئەگەر دەزگای وەرگێرانیش نییە، چاپخانەکان دەبێت فلتەرکیان هەبێت، تا لای کەمی ئەم هەڵانەی بەسەر هەڵچنی کتێبەکەش تەپڵەیوە، ئەوان چاکی بکەن.
ئەم نەقڵەتە بە جۆرێ وەرگێدراوە، خوێنەری نەشارەزاش دەتوانێ لە هەوپەڕێ، دە بە پانزە هەڵەی ڕێنووس بدۆزێتەوە! ئەوەش زیاتر بە ئەوە دەگەڕێتەوە، کاری وەرگێرانەکە، یەکەم (وشە بەوشە) بووە، دووەمیش هەڵپەیی کراوە لە بەاوکردنەوەی "هەروەک لە پێشکێبەکەی بەووننی ئەوە دیارە" تا ئەوەی پێداچوونەوەی وەردی بە بکەن. کەواتا لەوەرگێڕان و نووسین، چنایەتی گرنگە، نەک چەندایەتی.
هیوادارم ئەم کارەی ئەمەش وا لێکنەدرێتەوە بخرێتە خانەی دوژمن کارانە، بەڵکو ئەمە زیاتر مەبەستمان هاوخەمیێ بە زمانەکەمان تا لەم تەنگژەیەی تێیکەوتووە، بە هەموومان وابکەین دەربازی بکەین و بەرگێکی جوانتری بە بدروویەن...
ئەو هەڵانەشی ئەمە دیاریمان کردووە تەنها لە بەشی یەکەمی نەقڵەتەکەیە، ئەم بەشەش تەنها پێنج هەوپەڕە! بە ئەوەی خوێنەر بزانێت ئەگەر تەنها لەبەشیکی پێنج هەوپەڕەی ئەم خەرمانە هەیە هەبیت، ئەبی ئاخۆ هەر (١٥١) هەوپەڕەکە دەبە چەند خەرمانی دیکە هەڵەی تیابێت!؟
لەسەرەتاش دەمەوێ سەرنجی خوێنەر بە ئەوە ڕابکێشم، ڕستەی ناو سەرجەم جووت کەوانەکان(( )) هی وەرگێڕن و تاک کەوانەکانیش( ) هی منە.
بەشی یەکەم// لاپەڕە ١٣...
((ئەلیفەر تویست لە هەتیوخانەیەك لە دایك بوو دایکی لە کاتی لە دایك بوونی ئەودا مردبوو کەس نەی دەزانی لە کوێوە هاتبوو و خەزانەکەی کە بوون" باوکی ئەلیفەر چەند مانگێک بەر لەوەی ئەلیفەر لە دایك ببیت مردبوو،))
(ئەلیفەر تویست لە هەتیوخانەیەك لە دایکبوو، دایکی لە کاتی لە دایکبوونی مردبوو، کەس نەی دەزانی لە کوێوە هاتبوو و خەزانەکەی کە بوو، باوکیشی چەند مانگێک بەر لەوەی ئەلیفەر لەدایك ببیت مردبوو) جوانتر دەبوو لەبری هەتیوخانە"خانەی بەسەرپەرشتان"ی بنووسیبایە.
((ئەو وەک هەتیوی هەتیوخانەیەك گوورە بە هەر زەلیل و برسی و سووك لای هەموویان و کەس بەزەیی پێدانەدەهاتەوە.))
(ئەو وەک هەتیوی هەتیوخانەیەك گوورە ببوو،هەموویان بە سوک و زەلیلی لێیان دەڕوانی و کەس بەزەیی پێدانەدەهاتەوە.)
((لە دوای هەشت نە مانگی دوایدائەلیفەر نەچیریی مامەڵەی خاراپ و برسێتی بوو.))

(لە دوای هەشت نە مانگ، وەک نەچیر مامۆی خراپیان لەگەڵ دەکرد.)

لەهەمان لاپەڕەی وتەواوی لاپەڕەی ١٤…
لە بری هەتیوخانە، ((هەیتوخانە)) نووسراوە، ئەم هەڵەیە چوارجار دووبارە بوویتەوە!
((لە دواییدا دەستاتی هەیتوخانە کە بەیاری دا بە گوزتەوە هەیتوخانەیەکی لاوکی لەوەدا سە هەیتوی تر لە ژێر بارودۆخکی خراپدا دەژیان))
(لە دواییدا، دەستاتی هەتیوخانەکە بەیاریدا بی گوازتەوە هەتیوخانەیەکی لاوکی، لەوەدا سە هەتیوی دیکە، لەژێر بارودۆخکی خراپدا دەژیان.)
سەرنجکی یەکلایی کەرەوە، کە پەویست ناکا هەموویان دەستنیشان بکەم، چونکە ئەگەر وابکەم هەندەی ژمارەی ووپەڵەی ماندکە، دەبە هەڵە دەستنیشان بکەم، ئەویش ئەویە لە پێش هیچ کام لە (چونکە و بەڵام) فاریزە"وەرگوە، بەر" دانەنراوە!
((جەژنی لە دایك بووون)) …(جەژنی لەدایکبووون)
((لەیان درابوو دەرگایان لەسەر قفە درابوو چونکە وەرا بوو یان بەن: برسیانە.))
(لەیان درابوو، دەرگاشیان لەسەر داخرابوو، چونکە وتبوویان: برسیمانە.)
((مستر بە مبە))… (مستەر بەمبە)
((فەرمانبەرك بوو)) … (فەرمانبەرکبوو)
ناوی ئەم "مستەر بەمبە"ە داماوە ، هەرجارە بە جەرك نووسراوە " بەمە ، بە مبە، بەمبە"
((خانمی هەیتوخانە لاوکیەکە دا چلەکا بەم سەردانە لە ناکاوە و بە گوە ی یاریدەدەرکەی دا چریکاند کە ئەلیڤەر و دوو منداڵکەی تر لە کەگاکە دەربهێنە و بیان شوا، مستەر بەمە پیاوکی قوڵو و هەستی پە بوو لە خە بەگرنگ زانین مەبەست لە سەردانە چاوەوان نەکراوکەی گەنجانەوەی ئەلیڤەر بووە بە هەتیوخانە سەرکی یەکەی.))
(سەرپەرشتیاری هەتیوخانە لاوکیەکە، داچەکا بەم سەردانە لە ناکاوە و بە گوەی یاریدەدەرکەی دا چریکاند، کە ئەلیڤەر و دوو منداڵکەی دیکە، لە کەگاکە دەربهێنە و بیان شوا، مستەر بەمبە پیاوکی خە بەگەورەزان و قەڵەوبوو، مەبەست لە سەردانە چاوەوان نەکراوکەی گەنجانەوەی ئەلیڤەر بوو بە هەتیوخانە سەرکیەکەی.)
ئەوەی لەرە سەیرە، لەسەرەتا "هەتیوخانە"بە هەڵە نووسراوە و لە

کەتایبەتی بە ئاستی! ئەو لایەکی، لایەکی دی لە وشەی "چریکاند" تەنی دەنگ زەر بەرزە و ناشە مستەر بەمبە لەبەر دەرگابەت و خانمی سەرپەرشتیاریش چریکاندبەتی بە گوێی یاریدەدەرەکەی! بۆیە "چرپاند" بە ئەو شوێنە دەبەت. ئەگەر لێیەوە دووربووبەت، ئەوسا " بانگکردن" بەکاردە بەم جۆرە "بانگی یاریدەدەرەکەی کرد".

((خەرا شووردرا و بە پیش خە درا)) ئەمە سەرباری هەڵەی هەڵەنووسی، هەستێکی تەواو ناوچەییە! کە کاری وەرگەڕان زەر لەوە گرنگترە، شەوزار زاهبەت بەسەریدا. لەم هەستێیە وادەردەکەوەت ئەوەی ئەلیقەری شوشتووە، نازانەدرە کێیە! لەکاتێکدا خانمی سەرپەرشتیار بانگی یاریدەدەرەکەی کردووە و فەرمانی پێکردووە بیشوات، بۆیە ئاستیەکەی ئاوایە(خەرا شوشتی و بە پێش خێی دا.)

لاپەڕە ١٥...

((ئەلیقەر بە تەمابوو بەڕە بەڕە کاتە خانمەکەی دی ئافرەتەکە ئەو کاتە لە پشت کورسیەکەی مستەر بەمبە وەستابوو و مشتی دەستی لە ئادەوشاند ئەلیقەر هەڵەشەکردنەکەی تە گەیشت)) بەڵەاستی بەداخەوە، کەس سەرەتایینترین "ئەلف و بێ"ی کوردی بزانە، دەتوانە ئەم وشانە جوانتر بخاتە پاڵ یەکدی. (ئەلیقەر بەتەمابوو بەڕە: بەڕە، کاتە خانمەکەی دیت، لە پشت کورسدیەکەی مستەر بەمبە وەستابوو، پەنجەی لە ئادەوشاند، ئەلیقەر لە هەڵەشەکەی تەگەیشت.)

((ئەلیقەر خێی وا پیشاندا کە برسیەتی و مامەڵەی خراپ گەورەترین یاریدەدەرن گەر بتەوە بگریەی)) من کە هیچ لەم هەستێیە تەنەگەیشتم، دەشکرە هەی ئەمش ئەوەبە، خاهبەندی کە لەبری ئاوازی دەربەین بەکاردەهێنرەت، لەڕەدا و لەسەرتاپای کورتە ڕمانەکە، نەک هەر کەم بەکارهاتووە وەک پەویست و لە شوێنی گونجاو، بەڵەکو نابینرەت!

((ئەوە ئەنجوومەنەکەی بەڕەوەی دەبرد یاسای تایبەتی خێی هەبوو،)) (ئەو ئەنجومەنەی بەڕەوەی دەبرد، یاسای تایبەتی خێی هەبوو.)

((ئەلیقەر و هاوەڵەکانی ئازاری لە برسانی مردنی هەواشیان چەشت بە ماوەی (٣)مانگ تا لە کەتاییدا دانیشتنەکیان بەست بە گفتوگەکردن لە مەسەلە کە بەیاریان دا))

(ئەلیقەر و هاوەڵەکانی، ماوەی (٣)مانگ ئازاری برسیەتییان چەشت، تا لە کەتاییدا دانیشتن بە گفتوگەکردن لەسەر بابەتەکە و بەیاریان دا.)

((چەشت لەنەرەکەی لە تەنیشت مەنجەڵە گەورەکەوە وەستاوت دوو یاریدەدەرەکەی لە دوایەی وەستان شەباکەیان پە دراو خەرا برز بوو.)) ... (چەشت لەنەرەکە لە تەنیشت مەنجەڵە گەورەکەوە وەستا و دوو یاریدەدەرەکەی لە دواوەی وەستان، شەباکەیان پە دان و خەرا

یشتن.)
((ئینجا کو کان بۆ کتریان چرپیاند و ئیشارەتیان بۆ ئالیقەر کرد.))
(ئینجا کوکان بۆ یەکتریان چرپاند و ئاماژەیان بۆ ئالیقەر کرد.)
((مستەر بەمبۆ یەکسەر گەیشتە.)) لەرە وەرگەڕ پەمان ناڕەت گەیشتە کو و خەرا خاڕکی داناو!
((تەکانی دا بەرو ئەو ژوورە)) …(چوو ئەو ژوورەی)
((بم بوورە گەورەم ئالیقەر داوای چەشتی زیاتری کردووە ترسەکی گشتی باڵی کەشا…))
(بمبورە گەورەم، ئالیقەر داوای چەشتی زیاتری کردووە. ترسەکی زەر باڵی کەشا…))
((ئایە تۆ مەبەستت ئەو داوا زیاتری کرد ووە بۆ دوای ئەوەی…))
(ئایە تۆ مەبەستت ئەوەیە، داوای زیاتری کردووە؟! دوای ئەوەی …))
((یەکەسەر دەرگای لەسەر قلە درا.))… (یەکسەر دەرگای لەسەر داخرا)
((تۆ بینیەك)) …(تۆبینییەك)

للاپەڕە "۱۸"ی نۆقلەتەکە پەویستی بەوەیە وەک خۆی بینووسمەوە، دواتریش هەمان نووسراو بە دروستی دەنووسمەوە. پاشان ئەوە بەیاربدەن.
((مستەر بەمبۆ ئاژەکیان دەگەرایەوە هەتیوخانە کە کاتە لای دەرگاکە چاوی بە مستەر ساوەبەری کەوت، کە مردوو نەژیك بووە پیاوەکی درێژ و ئیسقانەکانی دیاربوو، جلەکی شۆشی لەبەردابوو " ساوەبەری ووتی: من ئەندازەی دوو ئافرەتی مردووم وەرگرتووە شەوی ئابردوو مستەر بەمبۆ: مستەر بەمبۆ ووتی: تۆ پارەی زیرت دەست دەکەوە مستەر ساوەبەری مردو نەژەکە ووتی:تۆ وابیر دەکەیەوە؟ ئەو پارانەی لەلایەن ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنەوە دیان پێ دەدرە زەر کەمن"مستەر بەمبۆ" مستەر بەمبۆ ووتی هەر وەک بچووکی تابوتەکان "مستەر ساوەبەری بە ماوەیەکی درێژ بەم نوکتەیە پێ کەنی و لە کۆتاییدا ووتی باشە باشە، مستەر بەمبۆ" من کاتوانم ئەوە بشارمەوە لە وەتەی ئەو ئاژەمە تازەیەی خواردن دەستی پێ کردووە تابوتەکانیش تەسکتربوونەتەوە لەوەی کە پێویستە ، بەڵام ئەمەش دەبە هەندە قازانج بکەین، دار گرانە مستەر بەمبۆ ووتی:هم" وئینجا بە ووردی سەیری مستەر ساوەبەری کرد ووتی: ئای هیچ کەسەک دەناسی کە منداڵکی بوە؟ مردوو نەژەکە هاواری کرد: ئا" ئەوە گرنگترین شتەکە بمەوە لەبارەیەوە قسەت لەگەڵ دا بکەم… هەیتوخانەکە))
بەڵاستی نازانم چۆن باوەڕ بەوە بهێنم، ئەم چیڕۆکەدرێژە، هەڵچنی

و پەداچوونەوەی بۆ کرابێ! ئاخر تا سەیری دەقەکە دەکەی، بۆزییت بۆ زمانی کوردیدا دەتەوێ! ئەستا ئەوەم بۆ دەردەکەوێت کاتێ دەڵێن: لێبواری وەرگێڕان کاری باش نەکراوە، ئەمە ئەوە هەکارەکەیەتی کە کردەی وەرگێڕان وەک پەویست خەمی لێ نەخوراوە. ئەگەر وانییە، چۆن دەبێت لە تەنها ڕووپێکی دیان هەیەی مانا و ڕێنووس و خاڵبەندی هەبێت؟! ئاخە ئەگەر دوو سێ وەرگێڕی لەم جۆرەمان هەبێت، دەبێ زمانەکەم پاش چەند ساڵێکی دی چی بەسەربێ؟! لەگەڵ ئەوەش تاکەی دەبێ چاپخانەکان فلتەرێکی ڕێنووسیان نەبێت؟! ئەی خۆ ناکرێ هەرچی شەش پەیەی نووسی و بێ سەر و دوو چاپخانەکان ئەرکی لە چاپدانی بگرنە ئەستۆ؟! کەواتا چەندە خودی وەرگێڕان و نووسین گرنگە، ئەوەندەش گرنگە دەزگا چاپەمەنییەکان، پەداچوونەوەیەک بەلایەنی ڕێنووسی دەقەکە بکەن، ئەویش لەلایەن لێژنەیەکی "چەندکەسی" شارەزا لێبوارەکە.

(مستەر بەمبە ڕێژکیان دەگەڕایەوە هەتیوخانەکە، کاتێ لای دەرگاکە چاوی بە مستەر ساوەبەری مردوو نێژ کەوت، پیاوەکی درێژ و ئیسقانەکانی دیاربوو، جلەکی شۆو ڕەشی لەبەردابوو. ساوەبەری وتی: مستەربەمبە، شۆی ئابردوو ئەندازەی دوو ئافرەتی مردووم وەرگرتووە ، مستەر بەمبەیش وتی: تۆ پارەی زەرت دەست دەکەوێ. مستەر ساوەبەری وتی: تۆ وابیر دەکەیەوە؟! ئەو پارانەی لەلایەن ئەنجوومەنی بەخێوبردنەوە پەمان دەدرێت زۆر کەمە. مستەر بەمبە وتی:"هەر وەک بچووکی تابوتەکان" مستەرساوەبەری بە ماوەیەکی درێژ بەم نوکتەیە پێکەنی و لە کۆتاییدا وتی: باشە... باشە... باشە مستەر بەمبە، من ناتوانم ئەوە بشارمەوە لەوکاتەوەی ئەو ڕۆژەمە تازەیەی خواردن دەستی پێ کردووە، تابوتەکانیش تەسکتربوونەتەوە، بەڵام ئەمەش دەبێ هەندێ قازانج بکەین، دار گرانە. مستەر بەمبە وتی:هم وئینجا بە ووردی سەیری مستەر ساوەبەری کرد وتی: ئایە هیچ کەسێک دەناسی کە منداڵێکی بوو؟ مردوو نێژەکە هاواری کرد: "ئا" ، ئەوە گرنگترین شتەکە بمەوێ لەبارەیەوە قسەت لەگەڵ دا بکەم... هەتیوخانەکە)

---

*نووسینی (چارلز دیکنز) و (ئازاد بلال بهاءالدین) وەریگێڕاوە، (سەربازکانەبی یابێ) ئامادەیکردووە بۆ لەچاپدانی، ساڵی ٢٠١٦ لە چاپخانەی (شەهاب) چاپکراوە.

هەمەت عوسمان _ کەیە

ژن و پێگەی لە حکومەتانیدا … مەحبوبە محمود

ئەستۆ لە کوردستان بەشداری ژنان لە پۆستە باڵاکاندا نزیک هەر ٢٥٪ نیە بەڵکو تا ئاستی سفرە ، خۆ ئەگەر لە پەرلەمان و لە ئیدارەکاندا ببێت ئەوا تا ئاستی وەزیر ڕۆشتوە ، بەڵام ئەم دۆخەی کە هەیە جگە لە پیاوەکان کە هەڵە تیا دەبینن ژنەکان بە وەزیرکانیشەوە توانای بەشداریان نیە ، خۆ ئەگەر هەشبێت ئاوا تەنها وەک قسە هەیە ، دەبینین وەفدەکان ژنیان هەر تیا نیە ، قسەیەک هەیە دەڵێت نە کەمەگا نە حکومەت کامە نابیت تا ژنان ڕۆڵی سەرەکی نەبین وەک پیاو تێدا ، خۆ ئەگەر ژن هەڵە هەبوایە و بەشداری چالاکی هەبوایە ئەوا لەسەر ئاستی دەرەوە دەبوە نموونەیەکی جوان ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بە ئەوەی کە ئیرادەیەک نیە ئەو ڕۆڵە بژن بدات ، دەبینین لەبەر ئەوەی پەکەکە ڕۆڵی ژنی وەک ڕۆڵی سەرەکی دابین کردوە چی کاریگەرییەکی لەسەر ئاستی جیهان دروست کردوە ، دەنگی شەقام و ناوەندی دەستەاتەکانی هەمو دنیای بە لای خۆی ڕاکێشاوە کە بوە بە شانازییەک بە هەر کوردێک لە هەر کوێ ی دنیادا بێت ، ئەمەش بووتە خاڵکی بەهێز بە کورد و پەیدە و یەپژە و پەکەکە بە هاوکاری کردنی کورد ، بە جۆرێک لە مێژوی مرۆڤایەتیدا یەکەم جار ژن بەو شێوە سەرکیە ڕۆڵی دەبێت ، بەتایبەت لە بەرکانی جەنگدا ، کار گەشتە ئەوەی زۆرێک لە ڕۆژنامە و گۆڤارە جیهانیەکان وێنەی ژنی گەریلایان دادنا ، بەڵام لە باشور ئەم قەیرانانە هەن ، خۆ ئەگەر ژنێک سەرکی هەرەم بوایە ئەستە دۆخەکە نەدەگەیشتە ئەم شوێنە ، یان گەر ژن ڕۆڵی هەبوایە ئەستە دۆخەکە نەرم تر دەبو لەو ڕەقیبەی کە ئەستە هەیە ، واتا ژن باشتر دەتوانێت لە دۆخە وەستاوەکان بپەیتەوە ، بۆیە تا ئەو ژینگەیە دروست نەبێت ژن بتوانێت ڕۆڵی هەبێت ، بەشدار بێت لە ناوەندەکانی دەستەاتدا وەک توانای خۆی ، ئەوا نە دەستەاتیکی تەندروست دەبێت ، نە حکومەتێکی باش ، گرنگە ژن بتوانێت ئەوەندە چالاک بێت ، بگاتە ئاستە بڕیارکان وەک سەرکایەتیەکان بە سەرکی هەرەمیشەوە ، ئەو کات دۆخەکە نەرم تر دەبێت وەک ئەو ڕەقی و وەستاویەی ئەستە هەیە .

سیاسەتی نوێی ئەمریکا لەرێگای سوریاوە ... نوری بەشیر

ترەمپ و فرەسکی درێژنانە بۆ کەمەکۆژی منالانی خان شێخون...

کوشتاری بەکەمەی ژنان و منالان و خەڵکی مەدەنی شارچکەی خان شێخونی سەر بە پارێزگای ئیدلیب بەهۆی بەردومانی کیمیاییەوە لە ڕۆژی ٤ی نیسانی ٢٠١٧ دا، کە ١٠٠ کەس کوژران و زیاتر لە ٥٠٠ کەسی دیکەش بریندار بوون. ئەم کارەساتە مرۆییە فرسەتی دایە ئەمریکا بە دەورێکی تازە جارێکی تر لەکەشمەکەش لەسەر سوریادا دەوری هەبە و لەڕووە سیاسەتی تازەی ترەمپ لەئاستی دنیادا ڕاگەیەنێت. لە کاتێکدا ئەمە چەندەمین جارە لەسوریا کەمەکۆژی دەکرێت و چەکی کیمیایی بەکاردێت وە تراژیدی کەمەکۆژی منالە دەکرێت، ئەوەبوو لە ئابی ٢٠١٣ چەکی کیمیایی لە ناوچەی غوتە لەدەوری دیمەشق بەکارهات و نزیکەی ١٠٠٠ کەسی کوشت، لە سێبتەمبەری ٢٠١٦ دا بەپێی ڕاپۆرتی چاودێری مافی مرۆڤی سوری بەرئەنجامی بۆمبارانی ئاسمانی بە خستە خوارەوەی بۆرمیلی گازی کلۆری ژەهراوی لەبەری ڕۆژهەڵاتی حەڵەب ٧٠ کەس خنکان، هەر لە ٢٠١٦ لەژێر ناوی ئازادی حەڵەبدا، کەمەکۆژی خەڵک کراو ماڵ و نەخۆشخانەکان بەسەر خەڵکی مەدەنیدا کاولکرا.
لەسەر هەموو ئەوانە نە ئەمریکاو نەهاوپەیمانانی ئەوی ئەمجارە دەیکەن نەیانکرد. ئەمجارە بەهۆی کۆشە ناوخۆییەکانی وڵاتانی بۆرژوازی و سەرمایەدارییەوە لەدنیادا، بۆتایبەت لەسەر سوریا، بۆرژوزای و میدیاکانی گوێ لەمستی سەرمایەداری پۆیستیان بەم کێسە بوو، نەیانتوانی وەک ئەوی لەشەنگال و موسڵ دەگوزەرە بەدەست داعش و هەڵەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیەوە بیشارنەوە، ئەوەنەبە ناو بەناو هەواێک دزێی دەکرد، بەناچار ئەمجارە رایان گەیاند و ئەو ئینسانکوژیەی سوریایان نەشاردەوەو کەمەگای مرۆڤایەتیان جارێکی تر بەدەست جەنگی ئینسانکوژیانەوە توشی شۆک کردەوە.
بەدوایدا ڕۆژی ٧ی نیسان واتە سێ ڕۆژ داوتر، ئەمریکا لە دەریای ناوەڕاستەوە ٥٩ موشەکی تاماهۆکی دا بە فڕۆکەخانەی شەعیرات لە پارێزگای حومسی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی بەشار ئەسەد، کە ئەمریکا دەڵێ ئەو هێرشە کیمیاییە بە ناوچەی خان شێخون لەوە

ئەنجامدراوە، ئەمەی بە تایبەتی کەمکردنەوەی ئاو مناقەشە نازدارانە!! ناوبرد. ئاگرچی روسیا و ئیسرائیل ئەم دۆکیومێنتەیان هاوپەیمانی ئەمریکا بە حزبەکەوە دژوارترین ئەم ئینسانکوژیەو دژبەری مرۆڤایەتی چوونی بە بکرێت و هێندە لایەنی تر دەستی تاوان بە تورکیا و لایەنە ئیسلامیکانی سوریا رادیکاشن. بەڵام بەدوور لەهەموو ئەو بەچوونانە، دوو مەسەلە گرنگ؛ یەکەم هەر لایەنێک ئەو کەمکردنەوەی ئەنجام دابێت هیچ لەماهیەتی مەسەلەکە و ئەو هەزارەی کارنامەیان ناگۆڕێت، دووەم هەر لایەنێک بووبێت، بەهانایەک بوو بە ترامپ و دەستاتکەی لە ئەمریکا کەسیاسەتی جەنگخوازانەی خۆی و فەزای جەنگی لەجیهاندا بەهێزتر پشتوو بەشێوەیەکی ترسناک، ئەمەش سیاسەتێکی تایبەتی ئەمریکای لە ئێستادا لەپشتوویە.

بەڵام کەم نین ئەو کەمکردنەی لەسوریا، عێراق و بەتایبەت موسڵ و شەنگال، یەمەن و لیبیا، نایجیریا و سۆماڵ، بەبەرچاو و لەژێر سایەی هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیەوە لەلایەک و روسیاو هاوپەیمانیەوە لەم چەند ساڵەی رابردوودا رووبان داوەو تا ئێستاش رۆژانە روو دەدەن، هەر مانگی پێشوو بوو دنیا شاهیدی بەمبارانی ئاسمانی هێزەکانی ئەمریکاو هاپەیمانانی بوون کە چ کەمکردنەیان لەموسڵ ئەنجامدا. هەر لە ساڵی پاردا بوو کوشتارگایەک لەحەوێجە لەلایەن روسیاو هێزەکانی بەشار ئەسەدو جمهوری ئیسلامی ئێران وحزبوڵاو تورکیاوە لەژێر ناوی ئازادکردنی حەوێجە لەدەست ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی، بەخراپ، هەروەک ئاوای ئێستا لەموسڵ لەژێر سایەی ئەمریکاو هاپەیمانە ناوخۆیی و ناوچەییەکانی لەژێر ناوی ئازادی موسڵ لەدەستی داعش دەگوزەرێت، بەڵام ترامپ و حکومەتە تازەکەی بە هەموو ئاو تراژیدیە ئینسانیە نە دەنگیان لێهات و نە فرمێسکیان رشت.
بەڵام خەرێ ئەمجارە ترامپ وەک سەرۆکی دەوڵەتێکی ئەزمەگرتووی ئەمریکا، ئەم کەمکردنەیەی ٤ نیسانی سوریا، توشی هیستریای کردوە، ئیحساساتی جوڵاندوە! و دەستوبرد لەژیر ناوی تۆمەتی لەدەستاتی بەشار ئەسەدا، موشەک بارانی دەست پێکرد و دەیەوێ فەزای جەنگ و ترس بەسەر جیهاندا بسەپێنێ ، ئەمە بووەتە بابەتی گەرمی جیهان و ترسی لەدڵی سەدان ملیۆن ئینسانیدا دروستکردوە، وە کابووناوەی جیهانیەکانی هێناوەتە سەر ئەم مەسەلەیە بەئاکاری سیاسەتی ئەمریکادا، ئاوەی لە کابووناوەی ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکانی ئەم رۆژانە و لە کابووناوەی سەرانی وڵاتانی پیشەسازی جیهان G7 لەئیتالیا بە بەشداری ژمارەیەک لەوڵاتەکانی تری ناوچەکە لە سعودیە و تورکیا و ئێردەن و قەتەرو ئیمارات و هاوکات

هەر دوێنێ ڕێکس تیلەرسن وەزیری دەرەوەی ئەمریکا پاش گفتوگۆی تەلەفونی چەن ڕۆژی پێشوو لەگەڵ سەرانی روسیا، بڕیاری گەیشتە مۆسکۆی پایتەختی ڕوسیاو لەگەڵ سەرگی لاڤرۆڤی وەزیری دەرەوەی ڕوسیا لەسەر دۆخی سوریا قسەوباس دەکەن.

ئەمریکاو ڕقیبە جیهانیەکەی روسیا، بەهاوپەیمانەکانیانەوە، خەیان سەرچاوەی کەمکۆزیەکانی ئاو وەتانن، خەیان ڕۆژانە کەمکۆزی منالانی نازدار دەکەن لەڕێگای هاوپەیمانەکانیانەوە، جمهوری ئیسلامی ئێرانی هاوپەیمانی روسیا لە زیاتر لە سێ دەیەی ڕابردوودا چ بڕیارێکی بەسەر منالان و ژنان لەئێراندا هێناوە و بڕژەمی دژی ژن و سەد هەزار ئیعدام ناسراوە. عەبادی و مەسعود بارزانی هاوپەیمانانی ئەمریکا، بەدوای ئازادکردنی عێراق لەسەدام حسێن چ بڕیارێکیان بەسەر خەڵکی بگشتی و بەسەر منالانی عێراق و کوردستاندا هێناوە، لەبرسیکردن و بۆمبارانی شوێنە جیاوازەکانی ژیانی خەڵکی بگشتی و بەسەر منالان و ژنان و زۆرجاری منالان و بە دایک وباوکردنی منالان و چەند ژنە و فڕۆکەی داسەپاندنی جۆرەها دەستجاتی ئیسلامی بەسەر کەمەگادا، کام یاساو ڕێسای کەنەپەرستانە هەیە زیندوویان نەکردبێتەوە، هەر لەم هەفتەیدا بە هەزاران لاشەی تری یەزیدیەکان لە٣٠ قەبری تری بکەمەدا لەدەوری شەنگال دۆزراوەتەوە، تەنیا قوربانیەکانی مانگی ڕابردوو هەزاری تێپەڕاندووە. کەم نەبوون ئەو منالە نازدارانەی موسڵ کە دوو هەفتە لەمەوبەر کەوتنە بەر ڕەحمەتی فڕۆکە جەنگیەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانانی، بەڵام ترەمپ یەک فرمێسکی نەک نەڕشت بەکەڵ ویستیان لەژێری دەرچەن و بەهانەشی بە بهێنێوە، ئەوە بوو ئەمنستی ئینتەرناسیونال لەڕاگەیاندنەکدا ئەمریکا تاوانبار دەکات بەکوشتنی خەڵکی سڤیڵی موسڵ کە هەوڵی نەداوە ڕێکاری کونجاو بگرنە بەر بە ڕێگری کردن لەمەرگی هاوڵاتیان لەموسڵدا.

ئەمانە هەمووی نموونەیەکی کەمن لەخەرواری دیاری و دەستگوڵکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لەجیهاندا. بەڵام ئایا موشکی تاهومایی ئەمجاری ئەمریکا لەدژی بەشار ئەسەد لەبەرامبەر بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و کەمەکۆزیەک کەئەنجامیان داوە؟، ئایا ئەم موشکانە لە تەڵەی منالە نازدارەکانی قوربانی چەکی کیمیایی خان شەیخونە؟، یان بەهانەو هەوڵەکی تازەی ئەمریکایە لەدۆڕی ئەزمەو شکستیدا و بە هەڵسانەوەی جەگاو ڕێگای خەی وەک زلهێزی جیهانی لە بەشاییەک کە سەرمایداری لە پەرتەوازەیی وکشە بەسەری دەبات. هاوکات هەڵەشەو هەوڵەکانی ئەمریکا بە بەرخستنی فڕۆکەی جەنگی لەبەرامبەر کوریای باکوردا دەستی پێکردووە، بە خەسپاندن وەک

هەزی سەربازی گەورەو کەکردنەوەی غەرب لەدەوری سیاسەتکانی و وەستانەوە لەبەرامبەر بە روسیادا.
ئایا ئێستا ئەمریکا بەشوێن چیەوەیە لەسوریا؟
بەجیا لەئەزمەیکی ئابووری کەسەراپای سەرمایەداری جیهانی داگرتووەو ئەمریکای زلهێزی جیهانیش بەدەر نیە لەوە، خودی دیاردەی هاتنە سەرکاری دۆناڵد ترەمپ رەنگدانەوەی ئەو هەلومەرجەیە و بە وەڵام بەو هەلومەرجە هاتووە، بەڵام شکست و پاشکشە یەک لەدوای یەککانی دوو دەیەی رابردووی ئەمریکا لەعێراق، لیبیا و دوایی لەسوریادا، وە جێگاگرتنی روسیا لەسوریا و دروستکردنی هاوپەیمانیەک لەگەڵ تورکیا و ئێران و هێنانە ناوەوەی حزبوڵای لوبنان و نزیکایەتی لەتورکیا، درێژدانی دەستەاتی ئێسەد لەو زەرورەتەوە سەرچاوەی گرت، هەروەها گرتنەوەی حەڵەب مەری خەی نا بە نەوچەوانی ئەمریکاوە، کە سوریاو ڕێگاچارەی قەیرانی لەدەست ئەمریکا دەرچووە. لەبەرئەوە ئەمریکا هەر هەنگاوێکی بەبە روسیا ناتوانێت لەسوریا بەواتە پشتەوە، کەبوونەوەکانی ئێستانەو تەجروبەی چەند ساڵی رابردووی هەوڵەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانە غەربیەکانی و کەبوونەوەی جنەفی پێنجی مانگی رابردوو نیشانەی ئەو راستیەن. ئەو واقیعیەتەی ئێستای جێگاو ڕێگای ئەمریکا، بەناچار ویستی لە عێراقەوە هەستێتەوەو دەست پێبکاتەوە و پشت راست بکاتەوە، ئەویش بەرەکخستنی هاوپەیمانیەک بە دەرکردنی داعش لەموسڵ، بەڵام کەشکانی عێراقی دوای دەرکردنی داعش کەمتر نابێت لەئێستا کەیەخەی ئەمریکا دەگرێت، کە موسڵی دوای داعش و کەشکان لەعێراقداو دەستەجاتی تری لەنەوعی وەحشیگەری داعش کەم نابن.

هەر بەیە هەوڵە چەند لایەنەکانی ئەمریکا بە دەرچوون لەو شکستانەی پشووی، لەلایەک هاوپەیمانی ناوخە و جیهانی بە پرسەی ئازادی موسڵ لە داعش، لەلایەکی ترەوە لەڕێگای هاوکاری هێزە کوردیەکانی سوریاوە بە نفوز پەیدا کردن لەسوریا و ئێستاش لەڕێگای سازدانی هێزێکی تازەوە لە لەسنوری ئێردەنەوە بەهاوبەشی و لەگەڵ حکومەتی ئێردەن ئامادەی کردووە بە هەرش بەسەر داعش لەخوارەوە و هەروەها هێرشەی هەرشی تر بە سەر ناوچە سەربازیەکانی ئێسەد ئەگەر پەویست بکات. بەمانە ئەمریکا دەیەوێت وەک زلهێزی ئێسەی و چاوترسێنی جیهان دەرکەوێتەوە. هەموو ئەوانە شتێکی زیاتر نیە لە سیاسەتی تازەی ئەمریکا بە هەستانەوەی مەوقیعیەتی شکستخواردووی خەی و ڕاگرتنی تەوازنێک لەگەڵ روسیا. بەهانەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دەستەاتی بەشار ئەسەد، فشار خستە سەر روسیایە لەلایەک بە وازهێنان و لەسەر پەداگری هەلومەرجی سوریا و مانەوەی ئەسەد، هەروەها

لەهاوڕێ درێژە دان بەپرسیارێتی شکست وەستانی نێوان سوپای ئاسادو ئەپۆزسیۆن، وە بە خۆئامادەکردنی بۆ درێژەی کێبڕکانی جنێف بۆتایبەتی کۆجنێفی ٥ بەدەسکەوت لەکۆتایی مانگی پێشوودا هاتە دەرەوە، بە ئاوڕی لەکێبڕوونەوەکانی ئایندەی جنێفدا هەموو لایەک بۆتایبەت ئاسەد ملبدات بۆچوار خاڵی لەڕێگای ستیڤان دیمستوراوە تەرحیان کرد کە بیبێنە پشتەوە ئاویش مەسەلەی؛ دەستات، دەستور، هەڵبژاردن و تیرۆر، کە ئەمریکا بەی روونە کە تا داعش مابێت و هێزگەلی ئیسلامی جەراوجێرو دەخالەتی وڵاتانی ناوچە بەبەرژەوەندی جیاوازەوە و بۆتایبەت دەخالەتی تورکیا، هەبێت بە دەورەی گوستنەوەی دەستات ناتوانن حساب لەسەر بۆشار ئاسەد نەکەن، بەپێچەوانەوە هێزی دێندەی وەک دەستاتی بۆشار ئاسەدیان بە ئەم دەورەیە لەبەرامبەر هەلومەرجی سوریا دا پێویستەو بە ئەم پرسیارش ناتوانن حساب لەسەر روسیا نەکەن، هەروەک وەزیری دەرەوەی ئەمانیا، زیگمار گابریێل، لەکێبڕوونەوەی G7 تاکیدی کردێتەوە چارەسەری ئەزمەی سوریا بەبێ بۆشداری روسیا ئەستەمە.

موشەکەکانی ئەمریکا بە سوریا و ئامادەکردنی هێزو چەکی گەورە لەبەرامبەر کەریای باکورداو ئاگەری موشەکی تریش هێێ بەسەر سوریادا، دروستکردنی فەزای جەنگێ لەجیهاندا هەروەک ئاوڕی بوش ئەنجامی داو چ کارەساتی لەدنیادا بەدوای خێیدا هێنا، ئەمانە هەمووی قابیلی روودانە لەژێر هەژموونی سیاسەتی ئەمریکا کەدێێو غەربیش لەدەوری خۆی یەک دەست بکات، بۆتایبەت لەبەرامبەر روسیا و هەڕاندنی فەزا لەدژی کوریا.

لەکاتێکدا هەموو ئەم هاتوو هاوارانەی ئەمریکاو هاوپێمانە غەربیەکانی دەکرێت بەدژی ئاسەد، بەڵام تەکیدی ئەمریکا لەسەر لەناوبردنی تیرۆرو دژی تیرۆر و دژ بە داعش، کەخاڵی هاوبەشی هەموویانە بە روسیا و بۆشار ئاسەدیش. قسەکانی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ێیکس تیلەرسن لەسەر تەجروبەی شکستخواردوی ئەمریکا لەلیبیا خاڵکی ترسناکە بۆیان کە تا داعش لەناو نەبەن، مەسەلەی بۆشار ئاسەد کۆشە نیە بە ئاوان، ئەمە بڕیارێکی لە قسەکانی نیکی هالی نوێنەری هەمیشەیی ئەمریکا لە نەتەوەیەکگرتووەکان دەردەکەوێت و رایگەیاند؛ ئاولەویەتمان رێیشتنی ئەسەد نییە، جارێ دەمانەوێت بەسەر داعشدا سەربکەوین. هەموو فشارەکان بۆ لەک نزیکردنەوەی لایەنەکانی سوریایە بۆ ئاو چوار خاڵی لەجنێفی ٥ دا تەرحیان کرد و نەچووە پێشەوە، بۆیە هەموو هەوڵەکانی ئەمریکاو غەربێن تاکید کردنەوەیە لەسەر چارەسەری سیاسیو گواستنەوەی دەسەاتە بزووێی.

هەلومەرجی جیهانی بەجۆرێک ئاڕاستەو پێ لەگەڵ انکاریە، کە بە ئاسایی و بە ئەلتەرناتیفی دەوڵەتە سەرمایەدارە زلهێزەکانی جیهانیشی توشی قەیرانی گەورە کردوە، دەستەوسان ماون و ڕۆژانە سیاسەتیان ئاڕاستەی بەسەردا دەست، بەیە بەناچار ئەمریکاو ڕوسیاو هاوپەیمانەکانیان لەدنیادا لەژێر فشاردان، بەناچار دەبە خاڵی هاوبەش پەیدا بکەن ئەویش تیرۆرو دژی تیرۆر و دژی داعش، کە لەڕژەهلاتی ناوەڕاست و بەتایبەت لەسوریا ئەستا کێبان دەکاتەوە، خاڵی هاوبەشی ئەمریکا، ڕوسیاو بەشار ئەسەدیشە.

هەر بەیە تا بەسوریا دەگەڕێتەوە، بەجیا لەسەپاندنی فەزای جەنگی لەلایەن ئەمریکاوە کە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی خان شێخون کەبەهانەیەک بوو بە ئەمریکا، وە هەنگاوەکە لەڕاستای هەوڵەکانی بە دەرچوونی خۆی لەو ئەزمە ئابووری و سیاسی و سەربازیەی تێیدایە، وە هاوکات فشارەکە بە تەوازنی لایەنگران بە درێژدان بە کێبونەوکانی جنێف و هەوڵدان بە دەرکەشانی هەلومەرجی ئەستای سوریا و پاکرنەوەی هێزکانی داعش هەم لەموسڵ و هەم لەسوریا، کەلەئەستا ناتوانن دەوری بەشار ئەسەدو هێزکەی بە دەورەی پاکردنەوەی داعش و ڕاگواستن نادیدە بگرن.
بەتام هەموو ئەوانە دادی ترەمپ و ئەزمەیەک یەخەی ئەمریکاو سەرمایەداری گرتووە نادەن، هەروەک چۆن دادی بوش و ئۆبامای نەدا، بەیە جارێکی کە دنیا لەبەرامبەر ئەو بەربەریەتەی سەرمایەداری و دەوڵەتەکانیدا، لەبەرمبەرا کوشتارو کاولکاری و برسێتی و هەژارییەک کە بەرژوازی و دەسەڵاتکانیان دایان سەپاندووە، پەویستی بە هاتنەمەیدانی چینی کرێکار و کەمۆنیزم و بەرەی ئازادیخوازو ئینسانەدۆست هەیە، بە سوریاو عێراق و کوردستانیش هەر ئەمە تەنیا ڕێگای گونجاو ئینسانیەو دەبە کاری بە بکرێت.
١٢/٤/٢٠١٧

کەی ڕۆشنبیرانی جادەی موتەنەبی

یادی ئەنفال دەکەنەوە ؟ عیماد عەلی

وەك باوە هەموو هەینیەك ئەوانەی خۆیان بە رۆشنبیری عیراقی دەزانن، چ لە بەغدا بن یان لەهەر شوێنكەوە روو دەكەنە جادەی موتەنەبی لە بەغدا و، هەوڵستی هەفتانەی خۆیان بە جۆرەها چالاكی دەنوێنن؛ جا چ بە شیعر بێت یان نواندن و پێشانگاو شتی تری زۆر، بەڵام ئەم سەردانەی رۆشنبیران وەك خووی لێهاتووە و زیاتر بۆ یەكتر بینین لەو رۆژەدا دەچنە ئەو جادەیە نەك هەوڵستی راستەقینەی رۆشنبیری رەسەن لە ئاست سەرجەم پرسە گرنگەكان .

لەگەڵ یەكێك لە رۆشنبیرە دیارەكانیان كە سەرنوسەری ناودارترین رۆژنامەی بەغدا (الصباح) یە كەوتمە گفتوگۆ و پرسیارم لێ كرد؛ ئەمڕۆ وەك هەموو هەفتەیەك رێیشتن بۆ جادەی موتەنەبی و ئێمەش لەكوردستان یادی ئەنفالمان كردەوە، دەكرێت بپرسم بۆچی ئێوەش هەر نەبێت لەو جادە بە چركەساتێك یادی ئەم جینوسایدە و قركردنەتان نەكردەوە . وتی؛ هەر شتێك شوێنی خۆی هەیە . وتم ئێوە لەهیچ شوێنكدا یادتان نەكردۆتەوە و دەكرا لەوێش هەر هیچ نەبێت بە وتەیەك یادتان بكردایەتەوە . وتی؛ ئێمە لە بەرەیەكی شەردایین و رۆژانە خوێن دەڕژێن و كاتی ئەمانە نیە. وتم بەڕەی شەڕ چ پەیوەندیەكی بەیادكردنەوەی كارەساتێكی لەم شێوەیە هەیە و بە تایبەتی تۆ سەرنوسەری رۆژنامەیەكی رەسمی عیراقیت و، وەك خۆت دەڵێیت هەمووان وەك یەك تەماشا دەكەیت ؛ ئایا دەكرێت هەوڵستێكی لەم جۆرە لە بەر شەرێك لە دووری هەزاران كیلۆمەترەوەیە لە ئێوەوە، لەیاد بكرێت، یان بۆچی ئەمە چەندین ساڵە لەپێش هاتنی داعش یادتان نەكردەوە . وتی؛ بۆ ساڵێكی تر . وتم ئەوەی باوەری بە یادێكی گرنگی گەلەكەی بێت، بەو شێوەیە بیری لێناكاتەوە و بەڕەی شەریش هیچ پەیوەندیەكی بەمەوە نیە و ئێوە بەردەوامن لە ناخی خۆتاندا بەچاوێكی بەعسیانە تەماشای گەلی كورد دەكەن، ئەگەر بەعسیش نەبن، تەنانەت لە پاش روخاندی دكیتاتۆریەتیش ئەم جۆرە رەفتارانە دەكەن .

ئا ئەمەیە هەوڵستی رۆشنبیرانی عەرەب پێش خەڵكی سادە و نەخوێندەواری عیراقی . دوای ئەوە پەیامێكم بۆ سەرجەم ئەو نوسەرو سەرنوسەر و رۆشنبیرانەی كە دەیانناسم و نایانناسم نارد و وتم ؛ بۆ رۆشنبیرانی جادەی موتەنەبی . سڵاوێكی گەرم لە كوردستانێكەوە

کە ئەمڕۆ یادی کارەساتێکی دەکەینەوە، بەدەستی کورە رشە ئەسمەرکانی ئێوە رووبداوە . پێڕۆزبایی بەردەوام سەردانیکردنی ڕۆژانی هەینی جادەی موتەنەبیتان لێدەکەم . کە تەنها بە و شێوە لە ڕشنبیریی راستەقینە دەروانن و، نازانم هەواڵستان چیە لەو یادەی کە ئەمڕۆ لەکوردستان دەکرێتەوە و ئێوە قروقەپتان لێکردووە لە ئاستیدا و، بۆ چەندین ساڵی دوای روخانی دکتاتوریەتیش بە زماندانا نایەت داوای لێبوردن لەگەلی کورد بکەن . ئەو سەردانە روکەشیەی بۆ جادەی موتەنەبی دەیکەن گوایە ڕشنبیرن، جگە لە یەکتر بینین هیچ فرێکتان بەر ڕسنبیری راستەقینەوە نیە . ئەگینا روشنبیری راستەقینە و ڕەسەن خاوەن ویژدان و هەواڵست و بەرپرسیارێتیە و ئێوەش هەر یەکە و بە هەستێکی تەسکی؛ یان مەزهەبیانە یان شڤینیانەوە مامەڵە لەگەڵ بابەتە هەمەجۆرەکاندا دەکەن، کەچی بە خۆتان دەڵێن ڕشنبیر . بەهیوام عیراق ببێتە خاوەن کەمەڵك ڕشنبیری راستەقینە بۆ ئەوەی گەلەکەی رزگار بکات نەك ببێتە پاشکۆی حزب و ئایدیۆلۆجیا ورشنبیرانی بیری سەبەخۆیی خۆیان نەبێت .

ئا ئەمەیە ڕەفتار بیر و بۆچونی خەڵکانێك کە دەکریت لە لوتکەی ڕشنبیری عیراقدا دابنرێن، با گلەیی لە خەڵکە سادەکە نەکەین و ڕگایەك بگرینە بەر کە لەم تەنگەبەریە رزگارمان کات . داخەکەم حزبەکانی کوردستانیش لە سەر بناغەی بەرژەوەندیە تەسکەکە نەبێت قەت بیر لە وەزعی گشتی و ئەم حاڵەتانە ناکەنەوە، کە لە دوای داعش چی ڕوودەدات و ئەم جۆرە کەسانە چۆن مامەڵەمان لەگەڵدا دەکەن، کەچی خاوەن شکۆکانی کوردستان تەنها بیر لە خۆیان و حزبەکەیان دەکەنەوە و بەس و، خەریکی چەواشەکارین و، ڕگەی رزگاری راستەقینەی گەلی کوردستانیان داخستووە ،
.یان ڕشنبیرانی کوردستان چ هەواڵستکیان هەیە لەمەر ئەو شێوە بیرکردنەوەی بەناو ڕشنبیرانی عیراق کە لە ئاست ڕووداوەکانی کوردستان بو شێوەیە بیردەکەنەوە و، لە زێر لاوە ئەمەش تەنها خەریکی خۆڕین و بۆچونی نەیاران ناخوێنینەوە و تەنها مەشغوڵی کاروبارە سیاسیەکانی نێوخۆین، نەك لێکۆڵینەوە لە پرسە هەمەجۆرەکانی لەم بابەتە بکرێت و مامەڵەی راستی لەگەڵدا بکرێت و بەسەرماندا تێنەپەڕێت .

چارەسەر ... پشکۆ ناکام

.....کورد ئەگەر شەیتان پەلەی کرد چاوکی خەی کوەر کرد ! خەشبەختانە وەفدی مژدە هێنەری سەربەخۆیی کوردستان پەلەی کرد لەجیاتی چاو کوەر کردن ، نەخشە ڕێگای حیزبەکەیان بۆ چارەسەرکردنی ئەزمە و قوبڵەسەریەکانی هەرەمی لە بیر چوو..! لەوانەیە جانتاکانیان لەبەر(فستق) جێی مەلزەمەی نەخشە ڕێگاکە نەبوبێتەوە، چونکە وەفدەکە فستق خەرکی بەردەوامن، ئەمە بۆ قسەی خەیان و هەڵبەستراو نیە، تەنانەت شانازی ئەکەن بەوەی ئەقڵیان بۆ جیاوازی بینی فستق و فندق ئەشکێت..هەر باش بوو پەلە کردنەکەیان نەبوە مایەی لەدەست دانی چاوکیان ، ئەو کاتە دونیایان بۆ تەنزیلاتی لەسیا پێنجا ئەبینی و ڕەنگە فستق خواردن بۆ یەک چاو زەرەری ئەوەی هەبێت کە تۆکمەکەی باش لەنەکەنەوە و دەم و دانیان عەزیەت بخوا و کار بکاتە سەر مەجرای گفت و گۆی ئیفراندەم و سەربەخۆیی و توانای قسەکردنیان کەم ئەبەوە و هەرەسەم زەرەرکەی مەعنەوی گەورەی لە ئەکەوت کە هەمووی بۆ هەی فستقەوە ئەبوو، بەڵام خۆ ئەکرا لە کاتی دەعوەت کردنی وەفدەکە بۆ برا پارتیەکانیان بوتایە کە لەسەر مێزی گفت و گۆی چارەنووسی هەرەم فستق دابنێن تا ئەمان لە پەلە پەلەیا نەشەڕانایە ولە جیاتی نەخشە ڕێگاکە فستقیان لەگەڵ خۆیان نەبردایە..

...وەفدی فستق بۆ نیشاندانی بونی مەعلومات و سیاسی بوونی خۆیان باسی ئەوەیان کردوەکە ئەوە هەرەم نیە ئیفراندەم ئەکات ، ئەوە سکەتلاند و کەنەدا و ..کەو و کەو باس لە ئیفاندەم ئەکەن ، ،،بەڵام باسی لەوەنەکرد کە ئەو وەتانە لە ڕەی پارلەمانەوە هەموو هەنگاوەکی سیاسی ئەنەن و بۆ پارلەمان هیچ بەیارەک بۆ ناوی خەکەوە نانرێت، جا بۆ وەفدی فستق باسی لەوە نەکرد کە پارلەمانەکەی هەرەم بۆتە قوربانی دەیان(فستق خەر و ساحەب فندق) ی وەک ئەو .. ئەو ئامادە بێت بۆ کەسەی پارلەمانی وەک نانواخانە داخست بێت سەرەک!! دیارە تێگەیشتنی لە سیاسەت و دیموکراسی و بەیاری گەل وەک تێگەیشتنەکەیەتی لە جیاوازی بینی فستق و فندق..

..بابەتەکی تر ئەوەیە کە باڵی فستق بەیاری یاوە سزای ئەو کەسانە باتکە لە خەیانەوە و بە دەست هەڵبەین قسە ئەکەن و ئەیانەوێت ئومێدی ڕەکەوتنەکەی یەکێتی و گۆران لای خەڵک ببوژێننەوە ، جا

ئەگەر بەردباران کردن لە سزاکانی ئیسلاما هەبێت بە فستق باران لە سزا سیاسیەکانا نەبێت ؟ ئەی چۆن سزای ئاو مولحیدە سیاسیانە بدرێت ...هەنگۆ چارەیەک ئاوە بێت کە باڵی فستق پشتیازەک بە" سەسیال ئینتەرناسیونال" بکات کە لە پرنسیپی حیزبە سەسیال- دیموکراتەکانی ناو ئەم هەڵکخراوە " فستق " زیا بکرێت ، وەک فستق بەین یان فستق باران کردنی دەم درێژ و بە ئسوەڵکانی ناو حیزب حیزبەکەش بە سەسیال- فستق ناو ببرێن و " چرەس" یش ببە بە هەڵمزەک بەیان ...

بەیـــار دەدەم بەهەم ... خـــەزان محەمەد

بەیانیە و هەتاو دەسماڵی گرتووە
چاوی هەور دەسڕێتەوە
کەچی فرمێسك
سپێدە زوو ئاسمان دەگرێ
بە مەرگی خۆر
ئیدی هیچ جوانی نامێنێ
چارەنووسی ئەم جەنگەلە وای ویستووە
لە بەر هەڵەی زەم و زۆر
سبەینێ زوو باڵندەی رۆح دەتۆرێنم
هەرچی پەراو خودکارو پەرتوك هەیە
دەیسوتێنم
هەرچی پیت و رستە هەیە بەیانی
دەیمرێنم
لە سەر دەستی نەفامەکان
هەرچی چرای دارستانە دەیوەرێنم
چیتر مەم و چرا و ئەستێرە و مانگ و خۆر
روناکایی پەخش ناکەن
چەم و رووبار خوێ ناگرن
دەریاکان هەمن ببنەوە
وێنەی تریفەی مانگە شەو
نەکێشنەوە

با خۆر ئیتر لە ڕۆژهەڵات ، ڕەگە نەبڕێ بۆ خۆرنشین
کەلەپچەی کەن گردە نشین
ڕەگاکان هەموو تاریك کەن
با چاڵەکان گەورەتر بن لەوەی کە هەن
با زامەکان بەم ئازارە گەورەتر بن …!
وەکو برین …!!
با (با) چۆنوك لە پەڕەی گولی سوور نەگرێت
خۆ نەفامی بەرقەرار، فەهمیش لە نێو زبڵدانا تڵی هەڵدەدرێت
بۆیە بۆیار دەدەم بڕم بچمە کۆوان
نامەوێ میللەت و هۆزێك جەهالەتیان هیندە زۆر بێ
بە بارتەقای ئەرز و ئاسمان

سلێمانی
2017 / 4 / 14

ئەفسوونی ستەم … ستار ئەحمەد

لەدەرگای خوادا گرفتار
کۆرپەی خاکم لەسەر شانە
گەڵای دار دەکەم بە زارو
هەوریش بەلانك و جۆلانە
……
بەرماڵێك لەپەڵی کۆتر
لەتاری شەوا رادەخەم
وێردی فەنابوون دەخوێنم
ڕوو دەکەمە کەناری خەم
……
لەناخی بەردینی مرۆ
لەنیگای خۆر رادەمێنم
تریفەی مانگ رامدەکێشێ
شنەی بەفرو با دەدوێنم
……
ئیلاهی تروسکەی دادێ

لەیاسای چەرخا نابینم
تەنها نووری عەشقی تۆیە
سروەیەك دەدات بەتینم
.....
لەهەنگاوی بۆهەڵوێستا
لەنێو ئەفسوونی ستەما
ئاسمان تابڵێی خۆننی مافەو
مانگ خنکاوە لەنێو تەما
.....
لەجەوری ئێمەی چەتوون و
تۆر نەبوونی دیدەی کوێرمان
ئەم خاکە ژان دایگرتووەو
ئاسمان بۆی نابێت بەمامان
.....
خودایە دونیا هەپرووبوو
تۆ بۆی حەزی تۆ وابێ
ئەم گەلەم دیلی فیرعەونە
نابێت مووسایەکی تیا بێ
.....